نیگار: هیوا عبدالعزیز پیرداود

# ورچ و شێرو مام ڕێوی

## چیرۆکی منداڵان

**پێشەکی**

کەلەپوور، بە یەکێ لە سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانی منداڵ دەژمێردرێ و ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهاتەی کەسێتی و دووا ڕۆژی جگەر گۆشەکان دەگێڕێ ، منداڵ بەهۆی ئەوەوە دەتوانێ ڕابردووی خۆی بناسێ و دواتریش پێشوازی لە ئێستا و داهاتوو بکا ... من پێم وایە ، ئەو نووسەرەی بیەوێ کەلەپوور بە منداڵان بناسێنێ ، بەر لە هەموو شتێك دەبێ لە ئیقاع و حالەتی ناوەوەی منداڵی سەردەمی نوێ بکاو هەر لەم نۆڕینگەوە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەکەی خۆی بکا ، ئەگەر وانەکا ئەوا ناتوانێ دڵی ئەم منداڵە داهاتووە لە خۆی رازی بکات .

ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی – شاخەوان علی حمد ... لە ڕووی ڕێبازی پەروەردەی نوێوە پەسندن و خزمەت بە کەسێتی و دوا ڕۆژێ منداڵی کورد دەگەیەنن ، چونکە بە زمانێکی پاراو داڕژاون و لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە هەڵبژاردەن .

ڕۆستەم باجەلان

زنجيره كتێبی نواڵەی نوێ
ژمارە(    )ساڵی 2010

خاوەنی ئیمتیاز
هۆشیار نوری لەکەك
4625169

سەرنووسەر
ئاری ئاغۆك
7457776

ناوی کتێب: ورچ و شێرو مام ڕێوی
بابەت: چیرۆكی منداڵان
نووسینی: شاخەوان عەلی حەمەد
نیگار: هیوا عبدالعزیز پیرداود
پێداچوونەوە: نەهرۆ عەلی
هەڵەگر: خەبات تۆماری — بەختیار ڕەشید
تایپ: ریاز کەمال
دیزاین: موسلیح برادۆستی
چاپ: یەکەم - 2010
چاپخانە: چوار چرا
بەهاوکاری سەنتەری ڕۆشنبیری بەهرە بە چاپ گەیەنراوە

**تێبینی: ئەو چیرۆكانەی سەرەتا بەوشەی (دەگێڕنەوە) دەست پێدەكات، ئەو چیرۆكانە لە فۆلكلۆری كوردیەوە ئامادەكراون.**

# له خۆبایی بوون




له ژمارەی (17 ) ی ساڵی (2000 ) ی هەفتە نامەی ( هێلانە منداڵان) بڵاوبۆتەوە

★دەگێڕنەوە ★

ڕێوییەکی فێڵبازی بەساڵاچوو، له ڕۆخ و کەناری ڕووبارێکی تەنکدا، خانوویەکی سادە و ساکاری ئەوتۆی بۆ خەوتن و حەسانەوەی خۆی دروست کردبوو، خانووەکە ڕێك کەوتبووە تەنیشت دارستانێکی چڕو جەنگەڵی گەورەی وا کە سەرو بنی دارستانەکە لەم سەر بۆ ئەو سەر دیار نەبوو.

ڕۆژێکیان شێرێك بەمەبەستی گەڕان و سووڕان بەدوای نێچیرێك تاوەکو بیگرێ و بیخوا و برسێتی خۆی پێ بشکێنێ، لێرە بۆ ئەوێ، لەو هات و چۆیەدا ڕێی دەکەوێتە ئەو دەوروبەرە و بۆ پەڕینەوە لەمبەری ڕووبارەکە بۆ ئەو بەری ،

بازێکی بەرزی زل هەڵدەدا و یەکسەر دەکەوێتە سەر خانووەکەی مام ڕێوی، کە ئەو کاتە مام ڕێوی بۆ خۆ گەرم کردنەوە ، لە تەك خانووەکەدا ڕاکشابوو، چاوی نابووە سەر یەك و پاڵیدابۆوە ..کت و پڕ کە دەنگی ڕمپەیەکی بەهێزی دەکەوێتە بەر گوێ، لە جێوە ڕادەچڵەکێ، بەخێرایی چاوەکانی دەکاتەوەو هەڵدەستێتە سەر پێ و دادەڕسێ بزانێ چ قەوماوەو کێ بەتەمایە هێرشی بۆ بهات؟ وەکو تەماشا دەکا ئەوە شێرێکی زرت و زەبەلاح خۆی داوەتە سەر خانووەکەی و لە پۆت و کۆتەلاکەوە ڕووخاندویەتی و ئەوجا داهاتۆتەوە، لە بەرامبەری وەستاوە و چاوی تووڕەیی تێبڕیوە هێرشی بۆ بێنێ..دڵی دادەخورپێ، بەو دیمەنە دەشڵەژێ و باری دەروونی تێکدەچێ، لەترسان وەکو بی ناو ئاو هەموو لەشی دەلەرزێ و نازانێ چیبکات؟! ئەگەر ڕادەکا، چونکە شێرەکە زۆر لێیەوە نزیکە و لە ڕاکردن زۆر لەوی خێراترە، ئەوە وا بە ئاسانی قوتاری نابێ و یەکسەر دەیگرێ..لە جێوە وەکو بتێکی بێ گیان تاسا، لەجێی خۆی نەجولاو و کەوتە بیرکردنەوەیەکی خێرا و بەپەلە: ئاخۆ چیبکا تاوەکو لە دەستی شێر قوتاریبێ، هەرنا وازی لێبێنێ و پەلاماری نەدات و نەیخوا؟! .

بیرۆکەیەکی سەیری بۆ هات، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بیرۆکەیە، سەری بۆ شێرەکە دانەواند، بۆی بە چۆك داهات و خۆی خستە ژێر دەست و پێی، کەوتە پاڕانەوە :

+ئەی شای دارستان، ئەی شێری مەزن.. من سەرسام ماوم، لەو مەتەڵە تێناگەم بۆچی منێکی زەلیل و داماو کە کەوتوومەتە ساڵەوە و تاقەتم لەبەر بڕاوە و هیچم پێناکرێ، ئەوجا تووشی تەنگ و چەڵەمە و ناخۆشی دێم؟! تۆ بە لێبوردە ناوت ڕۆیشتووە، پێمخۆشە نەختێ بەزەییت بەحاڵما بێتەوە .. ئەوە ئیش نەبوو تۆ لەگەڵ منا کردت وەکو ئەو خانووە چاك و باش و خۆشەت لێ ڕووخاندم، بەسەر یەکت داڕماند، ئەگەر دەتزانی من بە چ کولەمەرگییەك ئەم خانووەم پێکەوەناوە، قەت وات لێنەدەکرد، ئێستاش نازانم قوڕی کێ بکەم

بەسـەری خۆمـا؟ هـاوار ببەمـە بـەر کـێ و لـەکێ بپاڕێمـەوە ئـەو هەقـەم بـۆ بگێڕێتەوە؟!.

شێرەکە کاتێك گوێی لـەو قسانەی مـام ڕێـوی بـوو، وا خـۆی دەخیلـی دەکـا و بـە زەلیلـی لەبـەری دەپاڕێتەوە..تووڕەییەکـەی نـەما، سـارد بـۆوە، هەسـتی بـەزەیی بەرامبەر بزوا و بە زەردەخەنەیەکەوە پێیگوت:

★مام ڕێوی ببوورە ویستم لەمبـەری ئـەو ڕووبـارە بـۆ ئێـرە بپەڕمـەوە، بـازێکی زلم هاوێشت، بمزانیایـە تـۆ لێـرە خـانووت دروسـت کـردووە، قـەت ئـەو هەڵەیـەم نەدەکرد، ئێستاش دڵ لە دڵ مەدە و خەم مەخۆ .. سەیرکە ئەگـەر خانوویـەکی لەو خانووەی خۆت باشترم بۆ دروست نەکردی ، قەت بـەو نـاوەم بـانگ مەکـە و گەردەنت خۆش و ئازابێ، چیم پێ دەڵێی، پێمی بڵێ .

مام ڕێوی کە شێری بـەم شـێوەیە بینـی ئـاوا نـەرم و نیـانی دەرهـەق دەنـوێنێ و گوێڕایەڵـە و لەقسـەکانی دەرناچـێ..لەخۆبایی ڕووی تێـدەکا، بـە بزەیەکـەوە نەختێ سەری بادا و لە دەروونەوە بەخۆی گوت:

+بەخودای هەبێ و نەبێ من شتێك هەم و تا بەم ئان و ساتە ڕادەگـا، بـە خـۆمم نەزانیوە، دیارە من لە شێر بەهێزترم، پـێ دەچـێ شـێر لێمبترسـێ بۆیـە بـەگوێم دەکـا و لەقسـەم دەرنـاچێ، وە ئەگینـە کـەی شـێر ئـاوا نـەرمی بەرامبـەر کـەس نواندووە؟!.

شێرەکە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو قسەی کردی، دەکەوێتە خۆ و بـە هێنـانی دار و بەرد و گرتنـەوەی قـوڕێکی خەسـت و بـاش ، خانوویـەکی چاك و جوان بـۆ مـام ڕێوی دروسـت دەکـات، کـاتێکیش لـە خانووەکـە بـۆوە، هاتـە لای مـام ڕێـوی و بـە بزەیەکەوە پێی گوت:

★هـاااااا، مـام ڕێـوی، ئێسـتا ڕات چییە بەرامبـەر بـەم خـانووە؟! ئـەو خـانووەت باشترە، یا ئەوەی تۆ پێشتر دروستت کردبوو؟!.

مام ڕێوی وەکو ئەقڵی قسەکانی نەگرێ، بە نەزاکەتەوە پێی گوت:

+دەستت خۆشبێ ، بەڵام ئەگەر لێم عێدز نەبی، ئەو خانووە خۆشی بکوژێ ناگاتە ئەو خانووەی خۆم بەو دەستە چرچ و پووتانەم دروستم کردبوو، بەهەرحاڵ ئەگەر نیەتت پاکە و حەز دەکەی مافی خۆم بدەیتێ و ئەو هەقەم بۆ بگێڕیەوە، دەبێ ڕێگەی چوونە سەر ئەو لوتکە شاخەم بۆ خۆش بکەیت ، بەجۆرێکی وا، بتوانم بەئاسانی بچمە سەرەوە.

شێرەکە بۆ ئەو داواکاریە ، دیسان نارەزایی دەرنەبڕی، بڵێ : چۆن وادەبێ؟!نا..من ئەوە ناکەم، کەی ئەمە ڕەوایە؟!.جارێکیتر بەخۆ کەوت و پێی هەڵێنا، کەوتە خۆشکردنی ئەو ڕێگا دوور و درێژەی دەچووە سەر شاخە بەرزەکە.

مام ڕێوی لە جێوە تەماشای شێری دەکرد وا ئیشی بۆ دەکا و لە فەرمانی دەرناچێ، هێندەی دیکە لە خۆبایی ڕووی تێکرد ، بەجۆرێ لە خۆی وردبۆوە، وایدەزانی ئیتر تەواو، شێر لە ڕاست ئەو هیچ نییە و خۆی زۆر بەهێزە و تا ئێستا بەخۆی نەزانیوە و هەر ئەو ئاژەڵە گەمژە و نەزانانەی نێو دارستان خوویان بەوەوە گرتووە ئەو پڕوپاگەندەیەی بۆ دەکەن گوایە کەس لە شێر بەهێزتر نییە و پادشای دارستانە، کەچی ئێستا بۆم دەرکەوت ئەو شێرە چونکە ناتوانێ بێ فەرمانیم بکات، بێگومان دەبێ من پادشای دارستانبم و لەمەودوا دەبێ خۆم کاروباری دارستان بەڕێوە ببەم و فەرمان لەمنەوە وەربگیرێ نەك شێری ترسنۆك و خۆ بەزلزان.

شێرەکە ماوەیەکی باشی پێ چوو تا ڕێی چوونە سەر شاخەکەی بۆ مام ڕێوی خۆشکرد و هاتەوە لای، گوتی:

⋆مام ڕێوی ڕات بەرامبەر بەو ڕێگایە چییە؟!خۆ ئێستا گلەیی ناکەیت و ئەو داوایەشم بۆ جێ بەجێ کردی، من دەبێ بڕۆم، ئەوە ڕۆیشتم.

مام ڕێوی بەوەندە نەوەستا سوپاسی بکا و لێگەڕێ بچێ بەدەم ئیش و کاری خۆیەوە، بە لەخۆبایی بوونەوە لە شێرەکە چووە پێش و بە زمانی هەڕەشەوە دەستی لێ بەرز کردەوە و لێی ڕاخوڕی :

+ڕۆیشتنی چی، حەز دەکەم ئەوە بزانی کە  ئەم خانووەی ئێرە بۆ زستان باشە، شوێنێکی گەرمە و دەبێ بۆ هاوینیش شوێنێکی فێنکم هەبێ تێیدا بحەسێمەوە، جا ترشبێ و تاڵبێ، دەبێ خانوویەکم بۆ لەسەر ئەو لوتکە شاخە بۆ دروستکەی، تێگەیشی؟! دەی لەپێش چاوم مەوەستە.. دەی بکەوە خۆ و بجووڵێ.

شێرەکە بەو قسانەی مام ڕێوی سەرسام بوو، چاوی ئەبڵەق، سەیری بەخۆی دەهات، لەناخەوە بەخۆی گوت:

*ئەو پەندە زۆر ڕاستە کە دەڵێ: چاکەی سەربەخۆ سەری ساحێبی دەخوا، من خۆ کفرم نەکرد ئەو چاکەیەم لەگەڵ کردی، کەچی لەخۆبایی ڕووی تێکردی وا دەزانی لێت دەترسێم.

تووڕەیی ناخی هەژاند، بە هەموو هێزێکیەوە نەڕاندی و توند پەلاماری مام ڕێویداو قورگی گرت بیخنکێنێ.. مام ڕێوی فس بۆوە، هەر خواخوایبوو وەکو خۆی لێبێتەوە، دووبارە کەوتە نووزە نووزو پاڕانەوە :

+ب.. بی..بیکە ڕاهی خوای .. بیکە گەورەیی خۆت کە تۆ بە دادپەروەر ناسراوی، دەستم دامێنت ئەوە سوعبەتێك بوو کردم، نەمزانی جیقڵدانت بچووکە و سوعبەت قەبووڵناکەی، ئەوەی من کردم توخوا تۆ مەیکە .. بەس ئەوجارە بمبوورە..تۆبە جاریکی تر هەڵەی وادووبارە ناکەمەوە.

شێرەکە سەرەڕای ئەو هەڕەشەی مام ڕێوی لێیکرد، ئەوجا سینگی فراوان بوو، دانی بەخۆیا گرت و گیانی بەزەیی پاڵی پێوەنا لێی خۆش بێ. بۆیە  دەمی لێ شل کردو پێیگوت:

*هەی تەڵەکەباز ..بۆ من سەربەرزییە زوو هەڵنەچم و لە بەهێزیدا گیانی لێبووردنم هەبێ.. تۆش پێویستە جوان گوێ بگری و ئەو قسەیەم بکەیە گوارە و لەگوێیکەی.. نەکەی وا تێبگەی ئەگەر یەکێك ڕێزی لێ گرتی، ئەوە لە بەر ئەوەیە لێت دەترسێ، تێگەیشتی هەی فێڵبازی لەخۆبایی؟!.


مام ڕێوی بە زمانێکی شل و شۆقەوە گوتی:

+ب.. به.. بـه.. بـەس ..بـەس ئـەوجارە لـێم ببـوورە، تـەواو بـە ژیانما جـارێکیتر غەڵەتی وا دووبارە ناکەمەوە، ئەوەش تێگەیشتم ئـەوەی لـووتی بـەرزبێ، ڕۆژێـك دادێ لووتی بشکێ و لەخۆبایش ماڵوێرانی بەدواوەیە.

شێرەکە مام ڕێوی ئازاد کرد و بەرەو ناو دارستان شـۆڕ بـۆوە ، لێـرەدا مـام ڕێـوی چـۆن تاسـابوو، تـاوەکو شـێرەکەی لەبەرچـاو ون نـەبوو، ئێسـتا و ئێسـتا لـەجێی خۆی نەبزوا.



# ورچ و شێر و مام ڕێوی




له ژماره (49 ) ی ساڵی (2000 ) ی گۆڤاری (هەنگ) بڵاوبۆتەوە.

**⋆دەگێڕنەوە⋆**

**ڕۆژێکیان ڕێویەکی لەڕ و لاوازی سیسی بەساڵاچوو بەشەقە شەق خۆی دەگەیەنێتە خزمەتی شێر و لێی دەپاڕێتەوە دەستی یارمەتی بۆ درێژکات، پێی دەڵێ:**

**⋆قوربان تۆی پادشای دارستان هەمیشە ناوتان بەوە ڕۆیشتووە لە ئیش و کارەکانتان دادپەروەرن و یەکسانی بڵاودەکەنەوە، ئاگاشتان لەهەموو ئەوانەیە کە لە ژێر سایە و سێبەری ئێوەدا ژیان دەگوزەرێنن، ئەو دادپەروەری و یەکسانییە وایکردووە نەهێڵن کەس زوڵم لەکەس بکات و هەر کەسێك پێویستی بە یارمەتی بێ، بە دڵنیاییەوە دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکەن. بۆیە هاتوومەتە لات بەڕێزتان بۆ ئەوەی.....**

**شێرەکە بە قووڵی تەماشایەکی مام ڕێوی کرد و لێی ورد بۆوە، نەیهێشت قسەکانی تەواوکا، قسەکانی پێبڕی و کە سەری بۆ لەقاند، پێی گوت:**

**+جا هاتوویەتە لای من، دەتەوێ چیت بۆ بکەم؟!.**

مام ڕێوی بە غەمبارییەوە سەری کاسی هەڵبڕی و بە سەرو زمانێکی پڕ لە زەلیلییەوە هاتە جواب:

★گەورەم ئێوە پادشای دارستانەن، لەم مەملەکەتەدا هەموو شتێکن، ئەگەر مەبەستانبێ هەموو شتێکتان پێ دەکرێ ، جا بیکە بەرژەوەندی خۆتان هەر ئیشێك ئێوە پێتان باشبێ و ئەقڵتان دەیگرێ، من دەستەو نەزەر وەستاوم و ئامادەم بیکەم، ئێستاش وا دەمبینی چونکە چوومەتە ساڵەوە، توانای ڕاپەڕاندنی هەموو کار و کاسبیەکم نییە و هەموو ئیشێکم پێ ناکرێ، هەر کارێك لە گەڵ تەمەنەکەم بگونجێ، دەیکەم.

شێرەکە بەزەیی بە حاڵی مام ڕێوی هاتەوە، کەچی نەیزانی چی وەڵام بداتەوە؟! سەیری پێدەهات: ئاخۆ یەکێك تاقەتی ئیش کردنی نەبێت، چۆن ئیشی بۆ دەدۆزیەوە و ئیشی دەدەیتێ؟!نەختێ داما، نەختێ بیری هێنا و برد، ئەوجا بەدەم زەردەخەنەیەکەوە پێی گوت:

+باشە مام ڕێوی گەر دەتەوێ یارمەتیت بدەم، من لە لای خۆمت دەهێڵمەوە و هیچم لێت ناوێ، هیچم بۆ مەکە، بەس ئەوەندەبکە کاتێك من لێرە بۆ دەرەوە دەردەچم و تا وەکو دێمەوە، ئاگات لەو بەچکانەمبێ ، وریایانبە و مەهێڵە بەملا و بەولادا بڕۆن، ئیدی هەموو ڕۆژێ چیم بۆ ئەو بەچکانەم پەیداکرد، هەر لەو شتانە، بێ ئەوەی لەوانت جیا بکەمەوە، وەکو ئەوان بەشی تۆی لێ دەدەم .

مام ڕێوی لەخۆشیان خەریکبوو لەشەقەی باڵ بدات، بەدەم بزەیەکەوە پێیگوت:

★دەك خوا دەست بە تەمەنتەوە بگرێ و تەمەنی منیشی بخاتە سەر وەکو وا بەم جۆرە لە خەمی ئەوانەدای کە لە ژێر دەسەڵاتی تۆدان و هانات بۆ دێنن.

شێرەکە ڕۆژانە بەیانی زوو دەچووە دەرەوە و ئێوارانیش زوو دەگەڕایەوە، ئیدی لەو خۆراك و خواردنەی پەیدای دەکرد، جیاوازی لەنێوان بەچکەکانی و مام ڕێوی نەدەکرد، بۆیە چی بدایەتە بەچکەکانی، ئەوەشی دەدایە مام ڕێوی.

مام ڕێوی وەکو دابەستەی لێهات، وردە وردە قەڵەو بۆوە، لەڕ و سیس و لاوازیەکەی جارانی نەما و گەنج بۆوە.

ڕۆژێکیان شێرەکە لە بێشە و لانەکەی دەردەچێ و بۆ گەڕانەوە لە کاتی خۆیدا، دوادەکەوێ.. مام ڕێوی زۆری برسی دەبێ و ئەوەی نایەتە بەر چاو ئاخۆ چەند دەمێکە شێر لەلای خۆیدا دالْدەی داوە و خزمەت دەکات بێ ئەوەی دارێك بنێتە سەر بەردێك و بە هیچ لادا بگەڕێ و بسووڕێ، هەموو ڕۆژێ بێ ماندوو بوون خواردنی بۆ دێتە بەردەم و هەر دەخوا و دەخەوێ.

مام ڕێوی بەدەیەها جار لە لانەی شێرەکە هاتە دەرەوە و چاوی بەملا و بەولای خۆی گێڕا بزانێ شێر دیار نییە، بۆ دواکەوت و بۆچی نەهاتەوە، لەو هات و چۆیەدا وەڕس بوو، بێ تاقەتی ڕووی تێکرد و لە هاتنەوەی پادشای دارستان بێ ئومێد بوو، بیرۆکەی سەیر سەیری بەمێشك داهات، لە دەروونەوە بەخۆی گوت:

⋆هەموو شت بە ئەقلە..بەگوێرەی ئەوەی ئەم شێرە ئەوەندە دواکەوت و نەهاتەوە، بێ شك دیارە شتێکی لێ بەسەرهاتووە و ئیدی چاوم بە چاوی ناکەوێتەوە، بۆ ئەوەی زگی برسیم تێرکەم، وا باشە پەلاماری ئەو بەچکانە بدەم و بیانخۆم.

دواجار کە لە بێشە و لانەی شێرەکە چووە دەرەوە و چاوی بەملا و بەولای خۆیدا سووڕاند و هیچی بەدی نەکرد، بە هێواشی چووەوە ناو لانەکە و کە بینی ئەوە هەردوو بەچکەکە لەبرسانا خەویان لێکەوتووە، پەلاماریان دەدا و دەکەوێتە سەر کەوڵیان و دەیانخوات، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەگەر شێرەکە مابوو، شێرەکە هاتەوە، دوو قسەی بێت بیکا، دەچێ پاشماوەکەیان لەو دەوروبەرە دەشارێتەوە.

شێرەکە بەهۆی درەنگ دەستکەوتنی خۆراکەوە، لە ئێوارەیەکی درەنگ دەگەڕێتەوە و کە چاو دەگێڕێ ، بەچکەکانی دیار نین و لەوناوە نین، بە تووڕەییەوە ڕوو دەکاتە مام ڕێوی و پێی دەڵێ :

+ مام ڕێوی ئەوە کوا بەچکەکانم ؟! .

مام ڕێوی ئەوەی چاوەڕوانی نەدەکرد، ڕوویدا..لەترسا نەیزانی چ وەڵامێکی بداتەوە، بێدەنگ، کڕی چنی.. شێرەکە بەوەندە وازی لێ نەهێنا، قسەکانی لێ دووبارە کردەوە:

+ مام ڕێوی ئەوە کەڕی؟! چی؟!من لەگەڵ تۆم نییە، کوا بەچکەکانم ؟! چییان لێهاتووە؟! بۆ دیار نین؟!.

مـام ڕێـوی بـۆ خـۆ دەربـازبوون لـەو کەتنـەی کـردی، بـۆ پاسـاو هێنانـەوە، کەوتـە درۆکردن:

★گەورەم بڵێم چی؟! مـن و بەچـکەکان زۆرمـان چـاوەڕێ کـردی و هـەر نەهاتییـەوە، بەچکەکان لە برسان لەبەر دەم دەرگای لانەکە خەوتن و منیش لەبرسـان دەسـتم بـە زگمـەوە گرتبـوو، ڕاکشـابووم تـا ئاگـام لـەو برسـیە نـەمێنێ، چـاوم نایـە سـەر یـەك سەرخەوێك بشکێنم، هەر هێندەم زانی ورچێکی مەیلە و ڕەشی زلـی زەبـەلاح هـات و بـە بەرچـاومەوە پـەلاماری بەچـکەکانی دا و خـواردنی ، جـا ئەگـەر ڕاسـتیت لـێ نەشارمەوە ، لە ترسان زەندەقم چوو، نەموێرا نقەی بکەم هـەرنا لێـی بچمە پـێش و بچم بەگژیا و نەهێڵم لاشەکەیان ببات، تەنانەت پاشماوەکەشی لەگەڵ خۆی برد.

شێرەکە فرمێسك بە چاوانی داباری و بە توندی نەڕاندی و پێی گوت :

+من ئەو زوڵمە قەبووڵ ناکەم و ئەمە نازانم چییە؟!دەبێ هەر ئێستا ئەو ورچـەم بـۆ بدۆزیەوە و بۆمی بێنیە ئێرە، ئەوجا چۆنی دێنی، نـاینی، ئـەوە کـەیفی خۆتـە و مـن ورچم لە تۆ دەوێ .

مـام ڕێـوی بەتـەواوی شـڵەژا، نـەیزانی چـیبکات؟! کـت و پـڕ بیرۆکەیـەکی بـە مێشـك داهات، یەکسەر گوتی:

★ئـاخر گـەورەم ئەگـەر سـەبرت هـەبێ باشـە و خـوا ئـەو کەسـانەی خـۆش دەوێ کـە بەڵایەکیان بەسەردا هات، ئارام دەگرن، ئێستاش بەم شەوە تاریـك و نووتـەك لەچـاوە زۆر زەحمەتە و هیچ ناکرێ، بەڵام بەڵێنت دەدەمێ سبەی زوو بچمە ناو دارستان و تا ئەو ورچە هیچ و پووچەت بۆ نەدۆزمەوە، وەعد نەگەڕێمەوە.

بەو قسە لـووس و پووسـانەی قەناعـەتی بەشـێر هێنـا و بـۆ بـەیانی ڕۆژی پاشـتر زوو ڕۆیشت، کەوتە گەڕان لێرە بۆ ئەوێ تا ورچێکی گەورەی بینی و خۆی دەخیلی کـرد، گوتی :

★مام ورچ، برایەکەم ئەوە لە کـوێی ؟! خـۆ مـن شـوێن نـەما بـە دواتـا نەگـەڕێم، دنیـا کاول بوو، تۆ دەزانی گوندەکەمان بێ کوێخایە و هەمووومان ڕیکـەوتووین تـۆ بکەینـە کوێخای گوندی؟!.

ورچەکە بێ بیرکردنەوە گوتی:
_مام ڕێوی ئەوە بەڕاستتە؟ هەمووتان ڕازین من ببمە کوێخاتان؟!یەعنی ئەوەی من بیلێم لە قسەم دەرناچن؟!.
مام ڕێوی دایە قاقای پێکەنین و بە سەربادانەوە گوتی:
*هەی بێ قەزابی، تۆ بلێی درۆت لەگەلا بکەم؟!قەت درۆت لێ بینیوم؟! دەی بکەوە خۆ نانت کەوتۆتە ڕوونێ، ئاگات لێ نییە چ جێگە و شوێن و چ خواردنێکی بەلەزەتمان بۆت ئامادەکردووە و هەمووان لە پێشوازی هاتنتداین بێیە ناومان و فەرمانمان بۆ دەرکەی ، بەلام پێش وەختە ئەوەش بزانە لە پێش گوندەکەماندا شێرێکی پەککەوتەی خەلەفاو هەیە ، چونکە وڕێنە دەکات و شێت بووە، ئەوەندە نایەتە نێو ئاوەدانی و یەکێك بچێتە سالەوە و وڕێنە بکات، قسەی هەلەق و بەلەق بکات، وا بزانم لێی ناگیرێ ، بۆیە ئەگەر هەر قسەیەکی کرد ، لەدلی خۆتی مەکەرە گرێ و دلتەنگ مەبە، هەر بلێ : ( بەلێ من بووم ). دەنە چونکە دڕندەیە، یەکسەر پەلامارت دەدا، باشە گیانەکەم؟!.
ورچەکە بەو قسە خۆشانەی مام ڕێوی لیکاوی لەدەم هاتە خوارێ و بە خۆشحالیەوە گوتی:
_ئەگەر هەر ئەوەندەبێ، ئەوە کێشە نیەو لە ئێستاوە من ڕازیم ببمە کوێخای گوندی، فەرموو پێشمکەوە.
مام ڕێوی کەوتە پێشی و تا بردیە بەردەم شێرەکە، بەس قسەی خۆشی بۆ کرد تا ئاگای لە هیچ نەمێنێ و بیری بە هیچ لایەکدا نەڕوا، کاتێك لەبەردەم شێرەکە وەستان.
شێرەکە بە تووڕەییەوە چاوی بڕییە ورچەکەو لێی پرسی :
+ هێێێێی، ئەوە تۆ بەچکەکانی منت خواردووە ؟! .
ورچەکەش بە باوەڕ بەخۆ بوونەوە گوتی :
_ بەلێ من بووم .
شێرەکە بۆ دلنییایی زیاتر، قسەکەی لێ دووبارە کردەوە:

+یەعنی ئەوە تۆ بووی پەلاماری بەچکەکانی منتدا و  خواردت ؟! .
ورچەکە دیسان بە بڕوا بەخۆبوونەوە، گوتی :
_ بەڵێ من بووم .
شێرەکە لێی دەهری بوو، پڕ بە گەرووی نەڕاندی و چڕنووکی لە جەستەی ورچەکە گیر کرد .. ورچەکە زامدار بوو ، بەڵام توانی لەدەستی شێر ڕا بکا و خۆی لە دەستی ڕزگارکا .
مام ڕێوی بە بزەیەکەوە دەنگی هەڵبڕی و بانگی کرد :
⋆مام ورچ وەرە مەڕۆ گوندەکەمان بێ کوێخایە و هەمووومان ڕێکەوتووین تۆ بکەینە کوێخا.
ورچەکە بە هەناسە بڕکێوە دەیگوت :
_نایکەم..کوێخایەتی بە من ناکرێ.
شێرەکە کەوتە دوای ورچەکە، لێرە بۆ ئەوێ، تا نەیکوشت، وازی لێ نەهێنا و بەشێك لە گۆشتەکەی هێنایەوە، مام ڕێوی چونکە فێری تەمبەڵی ببوو، بە خۆشحاڵیەوە لە گۆشتی ورچەکە نزیك بۆوە بیخوات، بەڵام شێرەکە بە دەستی لێ نەگەڕا مام ڕێوی لەو گۆشتە بخوا و پێی گوت:
+تۆ کە نەتوانی پارێزگاری لە بەچکەکانم بکەیت، هی ئەوە نی لێرەت ڕابگرم و بەخێوتکەم.. دەی لەبەر چاوم ونبە تا تۆشم نەکردۆتە پارووویەك و نەمخواردووی.
مام ڕێوی کە زانی قسەکردن لەگەڵ شێر بێ سوودە، شێر پڕ بووە و کەڵکی ئەوەی نییە قسەی لەگەڵدا بکات، هەر بەو شەوە سەری شۆڕ کرد و بەزگی برسییەوە ئەو ناوەی جێهێشت و بەرەو قووڵایی دارستانەکە ڕۆیشت.

# مەڕ و ڕێوی




له ژمارەی (188 )ی ساڵی (1992)ی هەفتەنامەی (پەریستان) بڵاوبۆتەوە .

★دەگێڕنەوە ★

ڕۆژێکیان شوانێك دوای ئەوەی مێگەلە مەڕەکەی لە دەرەوەی ئاوایی دەباتە ناوچەیەکی پڕ لە گژ و گیا و خۆشی دەچێتە ژێر سێبەری دارێکی ئەو ناوە و بلوێرەکەی بەر پشتێنی دەردەکات و دەست دەکا بە بلوێر لێدان، ئاگای لەوە نامێنێ یەك لەو مەڕانە هەر دەڕوا، دەڕوا، تا دەگاتە لەوەڕگایەکی خۆش و خۆی لێ تێر دەکات، ئەوجا بۆ پشوودان، هەر لەجێوە لەناو سەوزەگیایەکە پاڵدەکەوێ و چاوی دەنێتە سەر یەك بەو ئومێدەی سەرخەوێك بشکێنێ، کەچی لەناکاو خشپە خشپێك خەوەکەی لێ تێکدەدا، بەپەلە هەڵدەستێتە سەرپێ و تەماشایەکی دەوروبەری خۆی دەکات ئەوە مام ڕێوییە و هێدی هێدی بەرەو لای دێ.. مەڕەکە ترسی لێ دەنیشێت بەوەی ئەگەر مام ڕێوی پەلاماری بدات و

بیخوات، هیچی پێ ناکرێ و لە غاردانیش ئەوەندە خێرا نییە خۆی لە دەستی قوتارکا، نازانێ چیبکا؟! چۆن خۆی لێ بپارێزێ؟!.

کاتێك مام ڕێوی لەدوورەوە بەدەم پێکەنینەوە کەوتە جوێندان و سووکایەتی پێکرد و پێی گوت:

⋆ هەی هیچ و پووچ، هەی تەمبەڵی تەوەزەڵ، ڕەزا قورسی ناشیرین .. وەرە پێم بڵێ: ئەوە چ دەکەی لێرە و چ شتێ تۆی گەیاندۆتە ئێرە؟ دیارە لە گوێی گادا نووستووی، وە ئەگینە دەتزانی ئەم زەویە هی منە، زەوی باب و باپیرانمە و لەوانەوە بە میرات بۆم بەجێ ماوە ؟! ئێستاش کە بێ پرس و ڕا پێت ناوەتە ئەم شوێنە پیرۆزە و ئەتکت کردووە، بێ پرس و ڕا دەستت کردووە بە خواردنی ئەو سەوزە گیا ناسك و تەڕ و جوانە ، چار نییە، دەبێ باجەکەی بدەیت، سزای خۆت وەربگری.

مەڕەکە هەناوی بەر بۆوە، بە ترس و لەرزەوە پێی گوت:

+ ئاخر مام ڕێوی گیان ئەگەر لێم عێدز نەبی، قسەکەم هیچ بێ ئەدەبییەکی تێدا نییە، من لێت دەپرسم: بەڵگەت چییە کە ئەم زەویە هی تۆیە و بە میرات لە باب و باپیرانتەوە بۆت بە جێماوە؟من لەوەتەی خۆم ناسیووە بەدەیەها جار هاتوومەتە ئێرە و کەس نەیوتووە بەری چاوت دووبرۆیە.. ئەوجا نازانم تۆ ئەو قسانەت لە کوێوە هێناوە، بۆ ئەو قسانەت شایەدت هەیە؟!.

مام ڕێوی بەو قسانە لەبەر پێکەنین کەوتە سەر پشت و لەبەر پێکەنین خەریکبوو میز بەخۆی دابکات و بتەقێ، کە خۆی تێر پێکەنین کرد، بەدەم بزەیەکی گەشەوە گوتی :

⋆بەڵێ من شایەدم هەیە، شایەدم مام گورگە و حەز دەکەی ئێستا دەچم بۆتی دێنم تا دڵنیابی ئەم زەوییە هی منە و لە باب و باپیرانمەوە بۆم بەجێماوە، تێگەیشتی؟!

مەڕەکـە سـەری دونیـای لـێ وێـك هـاتبۆوە، نەیـدەزانی چـۆن خـۆی لـەو تەڵەیـە قوتارکات؟!لـە ناخـەوە دەیگـوت: ئەوەیـە بـەڵای لا بـە لا.. کـە چـاوی بڕییـە مـام ڕێوی، بە هەڵپەیەکەوە گوتی:

+باشە با مام گورگ بێ و  خۆی و ویژدانی خۆی، با  سوێند بخوا کـە ئێـرە زەوی تۆیە و بە میرات لە باب و باپیرانتەوە بۆت بەجێماوە ، ئـەو وەختـە مـن ملـم لـە موو بۆت باریکە و   بە هەموو سزایەك ڕازیم.

مام ڕێوی دەتوت نـانی کەوتۆتـە ڕۆنـێ، بـە خۆشـحاڵیەوە تـەواوێ دوورکەوتـەوە، لەناکاو هەڵوێستەیەکی کردو ئاوڕێکی بەلای مەڕەکە دایەوە و گوتی:

*ئەوە من ڕۆیشتم، هاااااااا، نەکەی لە جێی خۆت بجوولێی.

هەر دوای ڕۆیشتنی مام ڕێوی، ڕێکەوت هێنای سەگی ئەو شـوانە بـەو دەوروبـەرە تێپەڕی .. مەڕەکە کە چاوی پێ کەوت، لەدوورەوە بانگی لێڕاهێشت:

+ هۆۆۆۆ .. هۆ سەگی بە وەفا و خۆشەویست، بگە فریاااااام.

سەگەکە بە پیر دەنگییەوە چـوو ،بـینی ئـەوە  مـەڕە تەگـە زلەکـە ئاگـای لـەخۆی بڕاوە و  تەواو پەشۆکاوە ، بە  شێنەیی پێی گووت :

_ هـا ئـەوە چ خێرتـە ؟! بۆچـی وات لێهـاتووە؟! هـیچ بـووە و هـیچ قـەوماوە وا بانگم دەکەی؟! ئەوە تۆ بە تـاقی تـەنیا لێـرە چ دەکـەی؟! بۆچـی لـە مێگەلەکـەت دابڕاوی؟!.

مەڕەکە بە هەناسەبڕکێ و زمانێکی ساردەوە گوتی :

+جارێ وەختی ئەو قسانە نییە، لەو قسانە گەڕێ، بگە فریام ، لێم قەوماوە.

سەگەکە گوتی:

_ئێ ئاخر چیبووە، چیت لێ قەوماوە؟!.

مەڕەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

+ڕێویەکی فێڵبازم لێ پەیدا بوو، هێندەی پێناچێ دێتە ئێرە، چووە بانگی گـورگ بکات تا سوێند بخوا ئەو لەوەڕە هی ئەوە و لە بابەلبابەوە بۆی بەجێ ماوە ، ئەو کـات بـۆ ڕاسـت و دروسـتی ئـەو قسـەیە ئەگـەر مـام گـورگ سـوێندی بـەدرۆی بـۆ

خوارد، تۆڵەی ئەوەم لێدەکاتەوە کە بێ پرس و ڕا چوومەتە ناو لەوەڕەکەی و بە سزای مەرگم دەگەیەنێ.
سەگەکە پێی گوت :
_هیچ خۆت تێکمەدە .. با بێتە ئێرە ، چارەی دەکەم، ئێستا من وا دەچمە بن ئەو پووش و پەراشە ، هەر کە هاتنەوە ، دەزانی چی دەکەی؟!پێیان بڵێ : با سوێند بە من واتە ئەو پیاو چاکە بخۆن .. ئەوجا هیچ هەقت نەبێ ، خۆیان دەبیننەوە .
سەگەکە خۆی لەبن پووش و پەراشەکە شاردەوە..زۆری پێ نەچوو ، گورگ و ڕێوی بەیەکەوە پەیدابوون ، هاتن، هاتن تا لە مەڕەکە نزیك بوونەوە .
مەڕەکە بەبوونی سەگەکە لەو ناوە، ترسی نەما، بە بڕوا بەخۆبوونەوە ڕووی کردە مام ڕێوی و دەستی بۆ پووش و پەراشەکە درێژ کرد و گوتی :
+مام ڕێوی ، تۆ سوێند بەو پیاو چاکە دەخۆی کە ئەو لەوەڕگایە هی تۆیە ؟!.
مام ڕێوی لە پووش و پەراشەکە نزیك بۆوە، قۆڵی خۆی لێ هەڵکرد و بەرزی کردەوە بیدا بە پیاو چاکەکە ، بەلام کە دوو چاوی زەقی لەناو پووش و پەراشەکە بینی، لە فیتی خۆی گەیشت، ڕاچڵەکی و دەستی پاشە و پاش گەڕاندەوە ، گوتی :
⋆بە خوای لە بیرم نەبوو کە دەستنوێژم نیە ، وا دەچم دەست نوێژ هەڵدەگرم، خۆ سوێندخوارن بە بێ دەستنوێژ گوناهە.
تەواوێك لەوناوە دوور کەوتەوە .. گورگەکە ڕووی تێکرد و گوتی :
=مام ڕێوی توخوا ئەگەر بڕۆی ، ئەوە من لە جیاتی تۆ سوێند دەخۆم ئەم زەوییە هی تۆیە و بە میرات بۆت بەجێماوە.
لە پووش و پەراشەکە نزیك بۆوە، قۆڵی لێ هەڵکرد و دەستی بۆ ئاسمان بڵند کردەوە بیدا بە پیاو چاکەکە .. مام ڕێوی هاواری کردێ :
⋆ کوڕە مام گورگ نەکەی .. کوڕە ئەگەر دەستنوێژت نیە ، نەکەی سوێند بەو پیاو چاکە بخۆی .. هاااااااا .. پێم گوتی، ئەوجا کەیفی خۆتە ، بە خوا من

بیـزانم ئـەو پیـاو چاکە هێنـدە پـیرۆزە، هـەر کەسـێك  بـەبێ دەسـتنوێژ دەسـتی بداتێ ، هەر دەیگرێ و لە دەستیدا قوتاری نابێ .
گورگەکە وەکو گاڵتەی بەو قسانەبێ، دەستی نایە سەر پووش و پەراشەکەو گوتی :
=بەو پیاو چاکە، ئەم لەوەڕە هی مام ڕێویە و لە .......

سـەگەکە نەیهێشـت قسـەکەی تـەواوکات ، بـە هـەموو هێزێکییـەوە تـاوی دایێـی و توند قوڕگی گرت و خنکاندی .
مەڕەکە سوپاسی سەگەکەی کرد و گوتی:
+ بـۆ ئـەوەی تووشـی هـیچ نـێم، جـارێکیتر لـە هاوڕێکـانم دانـابڕێم و هەڵـەی وا دووبارە ناکەمەوە.



# پشیله و پڵینگ



له ژماره (22)ی ساڵی (2001)ی هەفتەنامەی (هێلانەی منداڵان) بڵاوبۆتەوە.

⋆ دەگێڕنەوە ⋆

ڕۆژێکیان پشیلەیەکی خرپنی سپیلکەی جوانی چاو شین لە ترس وبیمی منداڵانی ئەو گەڕەکەی تێیدا دەژیا کە بەردەوام لەو کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان بەردبارانیان دەکرد و ئەوەی بەردەستیان بکەوتایە، تێیاندەگرت، بێزاری لەو ژیانە وایلێدەکات بڕیار بدات سەری خۆی هەڵبگرێ و شار بە جێ بێڵێ و بچێتە شوێنێك دەستی مرۆڤی نەگاتێ و لە مرۆڤ بەدووربێ .. دەچێتە ناو دارستانێکی چڕ و پڕی گەورە، هەر دەڕوا، دەڕوا تا دەگاتە پڵینگێکی زرتی زەبەلاح، کاتێك چاوی بە پڵینگەکە دەکەوێ، لەشی دەکەوێتە لەرزین، دەشڵەژێ، بەڵام سەیرەکەی لەوەدابوو پڵینگەکە بە دیتنی پشیلەکە چاو

ئەبڵەق بوو، لە جێوە وەستاو و لە سەروسیمای پشیلەکە ورد بۆوە ، کە چەند جارێ چاوەکانی تروکاند و باوێشکێکی قووڵیدا، بە هەڵپەیەکەوە بە پشیلەکەی گوت :

★وای کە ئاژەڵێکی سەیر و جوان و بچووکی....پاك و بێگەری بۆ خوای گەورە، بەڕاستی سەرم سوڕماوە بزانە تۆی چۆن دروستکردووە؟ شێوەت زۆر لە من دەچێ و من ئەمە یەکەمجارمە لە ژیانما ئاژەڵێك ببینم کت و مت لە ئێمە بچێ، باشە پێم ناڵێی : بۆچی لە سەرو سیما و شێوەدا من ئەوەندە گەورەم و تۆش ئەوەندە بچووکی، لە کاتێکدا من و تۆ زۆر لەیەك دەچین؟!.

پشیلەکە بەبیستنی ئەم قسانە ترسی ئەوەی نەما پڵینگەکە لێی بە فێڵبێ، یا پەلاماری بدات و بیخوا، بۆیە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و وەڵامی دایەوە :

+ قوربان چیت لێ بشارمەوە ؟! ژیانی من هەمووی مەرگەساتە..من لەگەڵ مرۆڤ لە شار دەژێم و لەوەتەی خۆم ناسیووە قەت لە ترسی مرۆڤ ڕۆژێك لە ڕۆژان بە ئیسراحەت نەخەوتوومە و بە ئیسراحەتی خۆم لێرە بۆ ئەوێ نەڕۆیشتووم، هەر ئەمەش وایکردوە لە دەستیان ڕابکەم و وا دەمبینی هاتوومەتە ئێرە، تۆ چونکە لەگەڵیان نەژیاوی، نازانی ئەو مرۆڤانە چەند بێ ڕەحمن، هەست و سۆزیان نییە و دەبێ ئەوەی لەگەڵ مرۆڤ بژێ ، چۆن گەورەبێ ؟! ئێستاش کە هاتوومەتە ئێرە حەز دەکەم ئەو تەمەنەی ماومە بێ خەم و خەفەت لێرەدا ببەمە سەر.

هەردووکیان دەستیان کردە ناو دەستی یەك و بوونە هاوڕێی یەکدی.. ئیدی چەند ڕۆژێك بەیەکەوە بەخۆشی ڕایانبوارد، پێکەوە کەوتنە گەڕان و سووڕان و پیاسە و پێکەوە ڕاویان دەکرد.

بەیانیەکی زوو لەناو دارستاندا پێکەوە پیاسەیان دەکرد، کەچی لە ناکاو تووشی کابرایەکی ڕەقەڵەی درێژی تەور بە دەست هاتن ، بینییان ئەوە کابرا خەریکە دارێکی زل و گەورەی ئەو دەوروبەرە دەبڕێتەوە.

پڵینگەکە لێی دادەڕسێ، لێی مڕ دەبێتەوە و پێی دەڵێ :

★ وەرە کابرا بزانم بۆچی ئێوە دوژمنایەتی لەگەڵ هاوڕەگەزو خزمانی ئێمە دەکەن ؟! پێم ناڵێی چیمان لێکردوون؟!بۆیە دەبێ بە سزای خۆت بگەی و پێش گەیشتن بەو

سزایە ، لە ڕوانگەی سۆز و بەزەییەوە ئەگەر وەسیەتێکت هەیە با لە دوا ساتەکانی ژیانت بۆتی بێنمەدی.
پیاوەکە دڵی لەسەت لێیدەدا، گشت ئازای بەدەنی کەوتە لەرزین ، بە پەشۆکاوییەوە گوتی :
_ وەسیەتی من تەنها ئەوەیە دەرفەتم بدەی سەر لە ماڵ و منداڵەکانم بدەم و یەکسەر دێمەوە، بەڵام تا من دەچم و دەگەڕێمەوە بەچی بزانم تۆ لێرە دمێنیەوە و ناڕۆی؟!
پڵینگەکە بە لە خۆبایی بوونێکەوە گوتی :
⋆ئەوجا بەڕای تۆ چیبکەین باشە؟!.
کابراکە گوتی:
_باشترین شت ئەوەیە تاوەکو تۆ لێرە بە هیچ لایەك دا نەڕۆی ، من بەو گوریسەی لەلامە لەو دارەت ببەستمەوە.
پڵینگەکە بێ بیرکردنەوە لەو قسانە ، یەکسەر دەستی بۆ درێژ کرد و گوتی :
⋆ قسەکەت زۆر بەڕێ و جێیە، فەرموو بمبەستەوە، بەڵام هاااااا، تۆش دوا نەکەوی.
کابراکە گوتی:
_دڵنیابە ئەوەندەم پێ ناچێ یەکسەر دێمەوە.
پڵینگەکە کە چووە تەك دارەکە و خۆی پێوە گرت، گوتی:
⋆فەرموو بمبەستەوە.
پیاوەکە بە گوریسەکە توند لە دارەکەی بەستاوە، ئەوجا پێی هەڵێنا و بە خێرایی چووە ئاوایی خۆیان و ئەوەندەی نەبرد بەخۆ و چەند کەسێکەوە بە دار و کوتەك هاتنە سەری و شل و کوت بەربوونە گیانی و زۆریان لێدا.. ئەوجا دەستیان لێی هەڵگرت و گەڕانەوە ئاوایی.
کاتێك پڵینگەکەیان بەتەنیا لەوناوە بەجێ هێشت.. ئەوەندەی نەخایاند پشیلەکە پەیدابۆوە، کە پڵینگەکەی بینی ئەوە هەموو جەستەی خوێنی لێ دەچۆڕکێ و نیوە مردوویان کردووە، بە تەوسەوە لێی چووە پێش و پرسی :

+ پڵینگی هاوڕێم ، تۆش نەمردی بە دەردی منیان بردی؟!ئەوە بۆوات لێهاتووە؟! ئێستا حاڵت چۆنە ؟!.

پڵینگەکە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی :

*دەبێ حاڵم چۆنبێ ؟! ئەوەی من بەچاوی خۆم بینیم، ئەو لێدانەی من خواردم، تەواو تۆ ناهەقت نیە لە دەستیان ڕاتکردووە، منیش مەمنوونم بەس نەمرم ، ڕازیم وەزعم وەکو وەزعی تۆی لێبێ و وەکو تۆ بچووك ببمەوە.

پڵینگەکە هەناسەی سواربوو، کەوتە کۆخە کۆخ و چەند لرخە لرخێکی لێوە هات و بۆ دواجار گیانی دەرچوو.. پشیلەکە خەم و چەژارە دایگرت، نەختێك لە سەر تەرمی پڵینگەکە دەستی کردە گریان و سەرەڕای نەبوونی هەست و سۆز و بەزەیی لەلای مرۆڤدا، بۆی دەرکەوت ئەگەر بچێتە هەر شوێنێك، دەستی مرۆڤی دەگاتێ، بۆیە بڕیاریدا ئەو تەمەنەی ماویەتی هەر لەگەڵ مرۆڤدا بژێ، سەری هەلگرت، وردە وردە ئەو شوێنەی لێی هاتبوو، بۆ ئەو شوێنە گەڕایەوە.

## کیسەڵی تەمبەڵ و نوکتەیەک



★ڕۆژێکیان مام ڕێوی کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی خۆی داوەتیماڵەوە دەکات .. هاوڕێیەکانیشی: شێر و پڵینگ و چەقەڵ و گورگ بوو.

سفرەی خوان ئەوەی دڵ دەیخوازێ، بە جۆرەها خواردنی بەتام دەڕازێنێتەوە .. پاش نان خواردن و دەست هەلگرتن ، شێرەکە ڕوو دەکاتە مام ڕێوی و دەڵێ :

+ خوا نەیبڕێ و بە زیاد بێ و ئەو ماڵە هەر ئاوەدانبێ.. بەڕاستی خواردنێکی خۆش و بە لەزەت بوو، داوای لێبوردنیش دەکەین ئەزیەتمان دای.

مام ڕێوی بەدەم قاقای پێکەنینەوە گوتی:

★هەی بێ قەزابی، ئەزیەتی چی، جا چیمان کردووە؟!دەك عافیەتتان بێ و گۆشتی پێبگرن، یاخوا بەخێربێن، گەورەتان کردین.بەڕاستی بەهاتنتان خۆشحاڵ بووم.

شێرەکە هەر دوو دەستی بەسەری زمانی لێستەوە، ڕووی کردە مام ڕێوی و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

+ئەگەر ئەزیەت نەبێ، تێنوومە، نەختێ ئاوم بۆ ناهێنێ؟!.

مام ڕێوی لە جێوە ڕاست بۆوە ، چووە تەنیشت پەنجەرەکە و سەری بۆ ناو گوزەکە شۆڕ کردەوە، تەماشایکرد ئەوە چۆڕێك ئاو چی یە، تێیدا نی یە .. بە تووڕەییەوە بانگی کیسەڵی خزمەتکاریکرد و گوتی :

★هێێێێی کیسەڵی تەمبەڵ .. دەی هەر ئێستا بچووە دەم ڕووبار و بە خێرایی ئەم گۆزەیە پڕ لە ئاو بکە و وەرەوە.

کیسەڵی تەمبەڵ سەری ڕێزی بۆ دانەواند :

_ فەرمایشتە گەورەم، هەر ئێستا ئاوتان بۆ دێنم .

کیسەڵی تەمبەڵ گۆزەکەی نایە سەر پشتی و ڕۆیشت، بەلاّم چونکە لە ڕۆیشتندا ئەوەندە بەخاو و خلیچکی و لە سەر خۆ شەقاوی دەهاویشت، کاتێك شێرەکە بەو شێوەیەی بینی ، بە مام ڕێوی گوتی :

+بەخوا تەواومان کرد، ئەگەر کیسەڵ ئەوها بەو خاو و خلیچکیە بڕوا، ئەوە تا ئاوەکە دێنێ و دەگەڕێتەوە ، نەوەکو من، هەمووومان لە توێنا دەخنکێین .

کیسەڵی تەمبەڵ تاوێك و دوانی پێچوو ، هەر نەهاتەوە .

مام ڕێوی بۆ دڵدانەوەی شێرەکە، بە بزەیەکەوە گوتی :

⋆ گەورەم خۆت سەغڵەت مەکە .. بابێتەوە، دەیکەمە پەندی زەمانە، دەزانم چی لێدەکەم و چۆن لە کۆڵ دونیای دەکەمەوە ، چونکە ئەو کیسەڵە .. .... ...

مام ڕێوی قسەکەی تەواو نەکرد .. کیسەڵی تەمبەڵ بە ژوور کەوت و بە بێزاریەکەوە گوتی :

_وەڵڵاهی ئەگەر بزانم لێم دەدەن و دەمکوژن، ئەوە هەر لە ئێستاوە ئاوتان بۆ ناهێنم.

لە ژمارە (1852)ی ساڵی (1994)ی ڕۆژنامە (برایەتی) بڵابۆتەوە .

# مریشك و مام ڕێوی




لە ژمارەی (7)ی ئازاری (2002)ی گۆڤاری (پەلکەزێرینە)ی بڵاوبۆتەوە .

★ دەگێڕنەوە ★

ڕۆژێکیان مریشکێك بەخۆ و جووجەڵەکانیەوە لە ئاوەدانی دوور دەکەونەوە و ڕوو دەکەنە دارستان .. لە ناکاو هەر ئەوەندە دەزانن ڕێوییەکی فێڵبازیان تووش دێ و خۆیانی لێ دادەڕسێنێ پەلاماریان بدات، مریشکەکە لە ترسان دەکەوێتە پاڕانەوە :

+ مام ڕێوی بیکە ڕاهی خوای مەمانخۆ، ئێمەش وەکو تۆ حەز بە ژیان دەکەین و پێمان خۆش نییە جارێ بمرین.

ڕێویەکە بە دەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

★ئاخر ناکرێ نەتانخۆم، دیارە قسمەتتان وا هاتووە بە پێی خۆتان لە ئاوەدانییەوە بێنە ئێرە و لێرەش ڕێك بێنە بەردەستی من، وای چەندە تامەزرۆی گۆشتی جووجەڵەم و بۆ قنچە گۆشتێکی جووجەڵە بە حەوادا دەڕۆم.

مریشکەکە گوتی:

+ئاخر ئەم جووجەلأنە هێند بچووکن، بەهەموویان بایی پارووییەکت ناکەن .. مادام هەروا دەڵێی : بۆ چاوەڕان ناکەی تا نەختێ هەراش دەبن ئەوجا بێی بیانبەی و بیانخوێ ؟.

ڕێوییەکە نەختێ بیری لەقسەکەی کردەوە، سەری بۆ لەقاندو گوتی :

★ من بۆ ئەم جەمە، جارێ تێرم و ئەوەندە چاوەڕێکەم تاوەکو گەورە دەبن ڕێك شەق دەبەم، بەلأم لەبەر تۆ قەینا، با بمێنن تا ئێوارە دێمەوە، بۆ ئەو کاتە خوا گەورەیە و دوو قسەی لەبارەوە دەکەین.

ڕێویەکە تەماشایەکی ئەو سەری ڕێگاکەی کرد و دەستی بۆ درێژ کرد و گوتی:

★من وا دەڕۆم لە بن ئەو کەپکە شاخە پشوویەك دەدەم، ئەوەشتان بە مێشك دانەیەت بڵێن: دەی ئەوە مام ڕێوی خەوتووە تا زووە لەدەستی ڕاکەین، هاااااا، هەر جووڵە و پێ بزێویەك بکەن، لە پێشەوە پەلاماری تۆ دەدەم و تۆ دەخۆم ئەوجا دێمە سەر بەچکەکان.

ڕێویەکە هێدی هێدی بەرەو بن کەپکە شاخەکە دەڕوات.. ئەوەندەی پێ ناچێ مام حەیدەری ڕاوچی بە خۆ و تانجیەکانییەوە بۆ ڕاو دێتە دارستان، کاتێك مریشکەکە چاوی پێ دەکەوێ، بانگی دەکات و هانای بۆ دەبا :

+هۆ کاکی ڕاوچی، بگە فریامان .

مام حەیدەری ڕاوچی بە خۆ و تانجیەکانەوە بە هانایەوە دەچێ و پێی دەڵێ:

_مریشکە قوندە، ئەوە لێرە چی دەکەی؟! چ شتێ تۆی گەیاندۆتە ئێرە؟!.

مریشکەکە گوتی:

+ ئێستا وەختی ئەو قسانە نییە، بەسەرهاتی من باسێکی دوور و درێژە دواتر بۆتی باس دەکەم، مام ڕێوی بە قەستی خواردنی من و ئەو بەچکانە چووەتە بن ئەو کەپکە شاخە و بەتەمایە دوای کەمێکی تر بگەڕێتەوە و هەمووومان بخوا، نازانین چیبکەین و بچینە کوێ؟! فریامان کەوە، تەگبیرمان چی یە؟!.

مام حەیدەر نەختێ بیری هێنا و برد، گوتی :

_ تەگبیر ئەوەیە ، ئێمە لەو ناوەدا خۆمان دەشارینەوە ، ئەو کاتەی ڕێوییەکە هاتەوە، بێگومان چونکە نێچیرێکی وا چەوری کەوتۆتە بەردەست، تەبیعەتی ئەوهایە بەو کارانە دڵی خۆشەو گۆرانی دەڵێت .. تۆش هەر دوای ئەو دەست بکە بە گۆرانی گوتن و بڵێ : مام حەیدەری تانجی و توولە .. وەرە ئەوە ڕێوییە لێرە .. بیگرن بیگرن کەوڵیکەن .. کەوڵەکەی ببەنە قەسابخانە .

مام حەیدەر بە خۆ و تانجیەوە خۆیان لە پەنای قامیشەڵانێکی چڕ شاردەوە .. ئەوەندەی نەخایاند کاتێك مام ڕێوی پەیدا هاتەوە ، لە ڕوخساریدا بەختەوەریەکی زۆر بەدی دەکرا، کەوتە گۆرانی گوتن :

٭ هەلان هەلان هەلانە .. بەخۆ و بە چیکڵدانە .. دەخۆم دایکی بەچکانە .

جووچکەکان دەستی یەکدیان گرتبوو ، شاییان دەکرد .. مریشکەکە دوایی مام ڕێوی کەوتە گۆرانی گوتن :

+مام حەیدەری تانجی و توولە .. وەرە ئەوە ڕێوییە لێرە .. بیگرن بیگرن کەوڵیکەن .. کەوڵەکەی ببەنە قەسابخانە .

مام ڕێوی ناوچەوانی لێ گرژ کرد و گوتی:

⋆دەزانی من حەزم لەو جۆرە گۆرانیانە نییە، بۆیە.......

قسەکانی تەواو نەکرد، تانجی یەکانی مام حەیدەر پەلاماری ڕێوییان داو خنکاندیان .

مریشکەکە بۆ ئەو هاوکارییە دەرهەقی کرا، سوپاسی مام حەیدەری کرد و گوتی :

+ ئێمە هەڵەیەك بوو کردمان، ئەو قسەیە جوانە کە دەڵێ: ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە، گەڕ دەبێ.. بەڵێن دەدەم جارێکی تر بێ پرس و ڕا لە ئاوەدانی دوور نەکەومەوە .

مریشکەکە بەخۆ و بە جووجەڵەکانیەوە دەستی یەکیان گرت و دارستانەکەیان جێ هێشت و لەو شوێنەی لێی هاتبوون ، ڕێ و ڕێ بۆ ئەوێ گەڕانەوە .

# ڕێوی قەمچووغە




لە ژمارەی (3)ی ساڵی (1992)ی گۆڤاری (کلێپە) بڵاوبۆتەوە .

★ دەگێڕنەوە ★

ڕۆژێکیان ڕێوییەکی قەمچووغە برسێتی پاڵی پێوە دەنێت لەو دەشت و دەرە بچێتە گوندێکی ئەو دەوروبەرە و بە دزییەوە دەچێتە ماڵێك و لەیەك لە هۆدەکانی ئەو ماڵەدا کە چوار پێنج کەوڵە ڕێوی لێ دەبێ و کەوڵەکان بەسینگی دیوارەوە هەڵواسرابوون، لەوێ خۆی دەشارێتەوە .

هەموو ڕۆژێ بە دزییەوە هەست ڕا دەگرێ و کاتێك چاو بەملا و بەولای خۆیدا دەگێڕێ کە دەبینێ کەس ئاگای لێ نییە ، یان کەس لەماڵەوە نییە و بۆ ئیش چوونەتە دەرەوە، بە هێواشی دەچێتە حەوشەکە و پەلاماری یەك لە مریشکەکانی ئەو ماڵەی دەدات و دەیخوات، کاتێکیش درکی بەوە بکردایە ئەوە خاوەن ماڵ دەردەکەوێ ، بەپەلە دەچوەوە ژوورەکە و وەکو کەوڵە ڕێویەکان خۆی بە سینگی دیوارەکە هەڵدەواسی و نقەی لەخۆی دەبڕی و وا خۆی نیشان دەدا ئەویش هەر کەوڵە ڕێویە و تەواو.

لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، بەو فێڵانە مام ڕێوی هەموو جووجکەو مریشکەکانی ئەو ماڵەی خوارد ، ئەوەی مایەوە تەنها کەڵەشێرەکە بوو.. ددانی خۆی بۆ تیژ کردبۆوە لە دەرفەتێکدا پەلاماری ئەویش بدات و بیخوا.. کەچی خاوەن ماڵ چەند شەوێ لەسەر یەك بە چەکەوە خۆی مەڵاسدا، چاوی بڕییە دەرەوە تا بزانێ ئەو شتە چییە وا جووچکە و مریشکەکانی لەو ماڵە نەهێشت، ئەگەر بۆی ڕوون بۆوە ئەو شتە چییە، بە فیشەکێك لەناوی ببات و بیکوژێ، بەڵام هیچی بە هیچ نەکرد..بەسەر سووڕمانەوە دەیگوت :

★ سەیرم پێدێ، دەبێ چ دڕندەیەك ئەو هەمووە جووچکە و مریشکەی لێ خواردبم ؟! بەخوای وا چاکە تا ئەو کەڵەشێرەش بە دەردی ئەوان نەچووە ، لەگەڵ ئەو کەوڵە ڕێویانەی هەمە، هەموویان پێکەوە ببەمە شار و بیانفرۆشم.

کاتێـك دەچـێتە هۆدەکـە و دەسـت لـە یەکـە یەکـەی کەوڵـەکان دەدا، تەماشـا دەکـات ڕێوییە زیندووەکە لـە هـەموویان نـەرمترە، هـەر وا دەزانـێ ئـەویش یـەك لـەو کەوڵـە ڕێویانـەیە ، دەڵێ :

٭بە ڕاستی ئەمـەیان کـەوڵێکی زۆر نـەرم و نییانـە .. وا باشـە تـا سـەرمام نـەبێ، لـەو سەرما و سۆڵەدا بە شانی خۆمی دادەم.

ڕێوییەکە دەخاتە سەر شانی و کوڵەکانی تـر و کەڵەشـێرەکەش کـە بـەداوێك هـەردوو قاچـی بەسـتابۆوە تـا لەدەسـتی نـەڕوا و ڕانـەکات، هـەموویان بـە دەسـتەوە دەگـرێ و لەگەڵ ماڵە دراوسێکەیان ، پێکەوە بەرەو شـار دەکەونـە ڕێ ..ماوەیـەکی بـاش بـە پـێ دەڕۆن، بە دەم ڕۆیشتنەوە قسەی خۆش بـۆ یـەك دەکـەن، ڕێوییەکـەش لـە دواوە تیلـە نیگایەکیان دەداتێ، بیر دەکاتەوە چۆن ئەو دوو پیاوە بەشەڕ بێنێ، جار نا جارێـك بـە تووندی کلکی لـە پشـتی کابراکـەی دی دەدا .. کابراکـە سـەرەتا هـیچ قسـەی نـەکرد .. کاتێکیش بینی ئەو ڕەفتارە ناشیرینە سێ بارە و چواربارە دەبێتەوە ، بە تووڕەییـەوە ڕادەوەستێ، ڕووی بەلای خاوەن کەوڵەکە دەسووڕێنێ و یەخـەی دەگـرێ و بەسـەری دا دەقیژێنێ :

+ هەی ناکەس بەچە .. قەت شەرم و حەیات بەخۆ نیە ، ئەوە ئیشە تۆ دەیکەی ؟! .

خاوەن کەوڵەکان ، بە شڵەژاویەوە پێی دەڵێ :

٭ ئەوە دەڵێی چی؟!من چیم کردووە؟!بەخودای هیچ شتێك لە خـۆم شـك نابـەم، ئـەو نەڕە نەڕە چییە؟!کەمێ ئاگات لەدەمتبێ، بزانە چی دەڵێی؟!.

لەم ناوەدا قسەیەك لەم و قسەیەك لەو، کار بەوە دەگات بەگژ یەکدا دەچـن و بەشـەڕ دێن .. بەمە ڕێوییەکە بواری بـۆ دەڕەخسـێ ، توونـد پـەلاماری کەڵەشـێرەکە دەدات و دەیرفێنێ و کە تەواو دووردەکەوێتەوە، کەڵەشێرەکەش بەتام و لەزەتەوە دەخوات .

ئەوانیش کە چاویان بەو دیمەنە دەکەوێ ، واز لە شەڕکردن دێنن و دەڵێن :

=کوڕە خۆ ئەو ڕێوییە بوو ئێمەی بە شەڕ هێنا .. بڵێ ئێمە بۆ ئەوەندە گێل و نـەزان و نەفام بووین .. دەی، با بکەوینە خۆ ، نەهێڵین دەربازی بێ.

ڕاست بوونەوە، کەوتنە خۆ و بەدەم هاوار کردنەوە:


=ڕاوەستە بۆمان، بەس مەڕۆ.

بەڵام تا ئەوان پێیان هەڵێنا .. ڕێوییەکە وەکو توولە مار تێیتەقاندو لەو ناوە نەما.. کابرای خاوەن کەوڵەکان بە خەمباریەوە داوای لێبووردنی لە هاوڕێیەکەی کرد و ئەویش لێی بوورا.

**قەمچووغە: گوندێکە لە سنووری قەزای دوکان**

★★★

# کۆتر و ڕێوی



لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوبۆتەوە .

★ دەگێڕنەوە ★

کۆترە باریکەیەك بەهێنانی پووش و چیلکە و کۆکردنەوەی لە سەر دارێکی دامێن چیایەکی بەرزدا ، هێلانە بۆ خۆی دروست دەکات و چەند هێلکەیەکی تێدا دادەنێ. هێلکەکان کە کاتی خۆیان دێ، دەتروکێن و دەبنە بەچکە .

ڕۆژێکییان ڕێوییەکی برسی بەو دەوروبەرە تێدەپەڕێ و  چاو بەملا و بەولای خۆیدا دەگێڕێ  نێچیرێکی بەر دەست بکەوێت و زگی برسی پێ تێرکات .. کە چاوی بە کۆتر و بەچکەکانی ناو هێلانەکە دەکەوێ ، سەرەتا زۆر هەوڵدەدا بە ئاسانی بگاتە لایان و بیانگرێ و بیانخوات. لەملا بۆ ئەولا بۆی دەچێ و بە هیچ لایەکیان ناگاتە لای و شوێنێکی وا نادۆزێتەوە دەستیان بەسەردا بگرێ .. بەناچاری بیری هێنا و برد چۆن فێڵ لەو کۆترە بکات بە ئاسانی بێ سەرئێشە بەچکەکانی بداتێ؟!چووە تەنیشت ئەو کەپکە شاخە گەورەی بەسەر دارەکەی دەڕوانی و جوان کلك و دەستی لێ گیر کرد و بە دەنگێکی نەسازەوە ڕووی کردە کۆترەکە وگوتی :

★ هۆ کۆترە باریکە .. بڕۆنێ بڕۆنێ هەر ئێستە ئەو بەچکانەتم نەدەیتێ و بۆمی نەهێنییە سەرەوە، ئەو شاخەت بەسەردا دەڕمێنم .. جا بەقسەی من  دەکەی ماڵ لە خۆت تێك مەدە و وا گومان مەبە ئەگەر ئەو بەچکانەت ڕۆیشت، ئیدی دونیا کۆتایی پێدێ، نەخێر ئەو بەچکانە نا، بەچکەیتر.

کۆترەکە زۆر لە بەری دەپاڕێتەوە جەرگی نەسووتێنێ و واز لەو داواکارییە بێنێ، بەڵام پاڕانەوە لەگەڵی بێ سوود بوو .. بۆیە بە ناچاری و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە ، بەچکەکانی بۆ بردە سەرەوە و لە بەردەمی دانا و چووەوە ناو هێلانەکەی، ئەویش بەبەر چاویەوە پەلاماری هەردوو بەچکەکەیدا و زگی برسی پێ تێرکرد .

ساڵ هات و ساڵ سوڕاوە ، جارێکی تر مام ڕێوی کە برسی دەبێ و هیچی دەست ناکەوێ، یەکسەر بیری بۆ کۆترەکە دەڕوا و دەزانێ لەو سەروبەندە کۆترەکە هێلکەی داناوەو هێلکەکان ئێستا ترووکاون و بوونەتە  بەچکە. پێش ئەوەی بگاتە سەر شاخە بەرزەکە، قەلەڕەشکەیەك بەلای کۆترەکە تێدەپەڕێ ، هەر بەباڵەفڕەوە لادەداتە لای و تاوێ لای دەمێنێتەوە، کاتێك پرسیاری بەچکەکانی پاری لێدەکات، کۆترەکە مەسەلەی خۆی و ڕێویەکەی لەنووکەوە بۆ دەگێڕێتەوە .. قەلەڕەشەکە خەمباری خۆی بۆ کۆترەکە دەردەبڕێ و ئامۆژگاری دەکات ، دەڵێ :

_ هۆ کۆترە باریکەی هاوڕێم .. ئەوە دونیایە، ئەگەر ئەم جارە ڕێویەکە هاتەوە و هەر هەڕەشەیەکی لێ کردی ، لێی مەترسێ و بێمنەتیکە، چونکە  دەستی مام ڕێوی

ئەگەر دەستی بگەیشتایەتە تۆ ، چ هەڕەشـەی لێ نـەدەکردی و بەوەنـدە ڕازی نـەدەبوو تەنها بەچکەکانت بخوا، بەڵکو تۆشی دەخوارد، لە کاتێکدا زیاد لەهـەر گۆشـتێك زیـاتر عەودالی گۆشتی تۆیە و تام لە تۆ وەردەگرێ نـەك بەچـکەکانت .. ئـەوەش بزانـە ئـەم کەپکە شاخە گەلێك گەورەیە و نەك بەو ڕێویە، بەڵکو بـە سـەت ڕێـویش نـاجووڵێ ، ئەوجا برمێ، ئەوە هەر ئەقڵ قەبوولی ناکا.

قەڵەڕەشـەکەش تـاوێ لـەلای مایـەوە، پاشـان ماڵئـاوایی لێکـرد و لـە شـەقەی باڵیـدا و ڕۆیشت، هێندەی پێنەچوو هەر ئەو ڕێویەی یارسالی لێ پەیدا بـۆوە ، دووبـارە وەکـو جاری پێشوو کلك و دەستی لە کەپکە شاخەکە گیر کرد و گوتی :

⋆ هۆ کۆترە باریکە .. بڕۆنـێ بڕۆنـێ هـەر ئێسـتە ئـەو بەچـکانەتم نـەدەیتێ و بـۆمی نەهێنییە سەرەوە، ئەو شاخەت بەسەردا دەڕمێنم .. جا بەقسەی من دەکەی مـاڵ لـە خۆت تێکنادەی و وا گومان مەبە ئەگەر ئەو بەچکانەت ڕۆیشت، ئیـدی دونیـا کۆتـایی پێدێ، نەخێر ئەو بەچکانە نا، بەچکەیتر.

کۆترەکە دایە قاقای پێکەنین و گوتی :

+ ئێ کەوایە ئیدی چاوەڕوانی چی؟! فەرموو چیت لەدەستدێ، بیکە و درێغی مەکە .

ڕێوییەکە زانی فێڵەکەی ئاشکرابووە، بەنەرم و نیانییەوە گوتی :

⋆ ئاخر تۆ ناسـك و نـازداری ..ئەگـەر بەقسـەی مـن دەکـەیت، بـۆ دوو بەچـکەی تـازە لەدایك بوو ماڵ لە خۆت تێك نادەی.

کۆترەکە نە لەبەری پاڕایـەوە، نـە لێشـی ترسـا کەپکـە شـاخەکەی بەسـەردا بـڕمێنێ.. ڕێویەکە هێندێ بەسەر کەپکە شـاخەکەدا خـۆی هێنـاو بـرد تـا بیترسـێنێ ، بێسـوود بوو . کە زانی لەو هەوڵەیدا ، هیچ بە هیچ ناکا . ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو گووتی :

⋆تۆ ئەوەندە ئاقڵ نی، خوات بە قوربانی ئەو کەسەکات وەکو ئەو تەگبیرەی بۆ کـردی ، وە ئەگینە ...

قسـەکانی تـەواو نـەکرد، سـەری خـۆی شـۆڕ کـردو بـە یـەکجاری ئـەو شـوێنەی بـەجێ هێشت .

# مریشك و گورگ




+ڕۆڵەکانم ئەوە دەڕۆم، دوای من دەرگاکە لەسەر خۆتان کلیت بدەن و تاوەکو من دێمەوە، ئەگەر یەکێك هاتە بەر دەرگا و نەتانناسی، دەرگای لێ مەکەنەوە، چونکە مەرج نییە تەنیا دۆست و ناسیاو سەر بەماڵمان دابگرێ.

مریشکەکە جووجکەکانی بە جێهێشت، زۆری نەخایاند گورگێك هاتە بەردەم دەرگاکە و لە دەرگایدا:

_ماڵەکە، ماڵەکە،ئەوە کێ لە ماڵەوەیە، بۆ دەرگا ناکەنەوە؟!.

جووجەڵە گەورەکە گوتی:

⋆تۆ کێی؟! ئێمە ناتناسین، بۆیە دەرگات لێ ناکەینەوە.

گورگەکە دایە قاقای پێکەنین و گوتی:

_ئەوە منم مام گورگ، دۆست و خزمی نزیکی دایکتانم، دەی تا زووە دەرگاکەم لێبکەنەوە، هاتوومەتە سەردانیتان تا بیتان بینم و قسەتان لەگەڵدا بکەم.

جووجەڵەی ناوەنجی لە کونی دەرگاکەوە سەیری دەرەوەی کرد و ڕووی کردە هەردوو جووجەڵەکەی دیکە و گوتی:

_جوان گوێم لێ بگرن، من ئەوە یەکەمجارە کەسێکی وا دەبینم و بڕواش ناکەم دایکمانی هاوڕێیەکی ئاوای هەبێت، من دەڵێم ئەوە دوژمنە و بۆیە پێم باشە دەرگای لێ نەکەینەوە.

گورگەکە ئەوجارەیان بەدەنگی بەرزەوە گوتی:

_تکاتان لێدەکەم من نەخۆشم تاقەتم نییە ئەوەندە بە پێوە بووەستم،دەی ئەو دەرگایە بکەنەوە، ئەوە وامان دانا من هیچی ئێوە نیم، ئەی لەڕووی بەزەییەوە میوان ڕاناگرن؟!.

جووجەڵەی ناوەنجی وەڵامی دایەوە گوتی:

_ئەوەی لە سەر و سیمای تۆی دەخوێنینەوە، تۆ بە دۆست ناچی و دوژمنی.

جووجەڵە بچووکەکە ڕووی کردە جووجەڵەی ناوەنجی و گوتی:

_هەق نییە بەو شێوەیپە وەڵامی بدەیتەوە، بەتایبەت یەکێك نەخۆشبێ و هانات بۆ بێنێ، من وەکو خۆم پێم باشە دەرگای لێبکەینەوە.

جووجەڵە گەورەکە گوتی:

_منیش لەگەڵ قسەکانی تۆدام، کێ دەڵێ دایکمان بەمە بزانێ لێمان دلگران نابێ، لە کاتێکدا میوانێك هاتبێتە ماڵمان و دەرگامان لێی نەکردبێتەوە.

جووجەڵەی ناوەنجی گوتی:

ئاخۆ نابێ هەر کەسێ دوو قسەی خۆشی کرد بە چاکی تێبگەین، کێ دەڵێ ئەو کەسە هەزار و یەك فێڵی لەژێر سەردا نییە، کەیفی خۆشتانە دەرگای لێ دەکەنەوە یان نا؟!.

جووجەڵە گەورەکە بە هێواشی خۆی گەیاندە بەر قاپی دەرگاکە و دەرگاکەی کردەوە.

مام گورگ یەکسەر هەر سێکیانی بە ئاسانی گرت و خستیە ناو توورەگەیەکەوە، گوتی:

⋆ چارەتان دەکەم، دەرگام لێ ناکەنەوە؟! ئەوهاتان لێ دەکەم، جارێ تێرم، با بمێنن، بۆ ئێوارە پاروویەکی چەورن.

مـام گـورگ توورەگەكـەی خسـتە سـەر شـانی و بـەرەو دارسـتان گەڕایـەوە. كاتێـك مریشكەكە دەگەڕێتەوە و چاوی بەدەرگاكە دەكەوێ ئەوە لەسەر پشتە و هیچ كام لـە جووجەڵەكان لەماڵەوە نین، لەولاوە چەنـدە بانگیان دەكات:

- جووجەڵە جوانەكان ئەوە لە كوێن بۆ دەنگتان نایێ، ئـەوە لـە كـوێن؟! چـوونەتە كوێ؟!

كە كەس وەڵامی ناداتەوە، ترس دایدەگرێ، دەڵێ:

بـەو خوایـە دەبـێ شـتێكیان بەسـەرهاتبێ، بزانـە كـێ هاتۆتـە بـەر دەرگـا و ئـەوانیش دەرگایان لێی كردۆتەوە.

هەر بە پەلـە كەوتـە هاتوچۆ و سـووڕان و گـەڕان بـەملا و بـەولادا، تـا لـەبن دارێكـی گــەورەدا چــاوی بــەمام گــورگ كــەوت ئــەوە ڕاكشــاوە و خــەوی لــێ كــەوتووە، جووجەڵەكانیش هاوار هاواریانە، دەڵێن:

هۆ دایە، ئەوە لەكوێی؟! توخوا دایە بگە بە فریامان، گورگ دەمانخوات.

مـام گـورگ سـەری توورەگەكـەی تونـد لـەناو دەسـتی گـیر كردبـوو، مریشـكەكە بـە ئەسپایی پەنجەكانی دەسـتی مـام گـورگی كـردەوە و سـەری توورەگەكـەی خسـتە سـەر پشت و بە هێواشی گوتی:

⋆جووجەڵەكانم بێدەنگ بن، بێ دەنگ تا گورگ لەخەو هەڵنەستاوە.

بەمە مریشكەكە هەر سێ جووجەڵەكەی دایە پێش خۆی و بۆ ماڵەوە گەڕایەوە.

جووجەڵە گەورەكە بە جووجەڵەی ناوەنجی گوت:

دەبوو بەقسەی تۆمان بكردایە و دەرگامان لەمام گورگ نەكردبایەوە، ئەگـەر دایكمـان بە فریامان نەدەهات، هەرسێكمانی دەخوارد.

مریشكەكە بە دڵخۆشییەوە پێیانی گوت:

پـێم خۆشـە پەنـد لەمـە وەربگـرن، بـزانن كـێ دۆسـتتانە و كـێ دوژمنتانـە، باشـە جووجەڵە خۆشەویستەكانم؟!.

هـەموویان بەیـەك جـار گوتیـان: باشـە دایـە گیـان، بـەڵێنبێ لەمـەودوا لـە قسـەت دەرنەچین.

# شێر و بڕیاری کەروێشکێك

شێرێك دەکەوێتە چاڵێکەوە، ئەوەندەی خۆی دێنێ و دەبا لەو چاڵە ڕزگاریبێ و بێتە دەرەوە، هیلاك دەبێت و ناتوانێ هیچ بکات، بە ڕێکەوت کابرایەکی داربڕ بەو دەوروبەرە تێدەپەڕێ و کە گوێی لە نەڕە نەڕێك دەبێ، لە چاڵەکە نزیك دەبێتەوە و چاو دەداتە چاڵەکە ئەوە شێرێك کەوتۆتە ناوی، لە جێوە دەتاسێ و چاوئەبڵەق دەبێ.. شێرە کە دەزانێ هەرچی هەوڵێك بدات بۆ ڕزگاربوون لەو چاڵە بێ سوودە و لەبەر قووڵی چاڵەکە هیچی پێناکرێ، لە دەروونەوە بەخۆی دەڵێ:

٭چارم نییە واباشە لەو کابرایە بپاڕێمەوە بەڵکو بەزەیی پێما بێتەوە و ڕزگارمکات.

بە داماوی سەری بەرز دەکاتەوە و ڕوو دەکاتە کابراکە و دەڵێت:

٭ دەستم دامێنت بێچووم وردە بگە فریام و لەو چاڵەم ڕزگارکە، ئەگەر ئەو پیاوەتی و چاکەیەم لەگەڵدا بکەیت، بەڵێنت پێدەدەم تا دەمرم دەبمە خزمەتکارت و ئەو چاکەیەت لەبیر ناکەم.

کابراکە بەزەیی پێدا دێتەوە، پێی دەڵێ:

+ دڵ لە دڵ مەدە شێری دارستان،من یارمەتیت دەدەم.

کابراکە بە تەورەکەی دەستی دەست دەکا بە بڕینەوەی دارێکی زل و دارەکە بۆ ناو چاڵەکە شۆڕ دەکاتەوە، بەمە شێرەکە بە چەند بازێکی زل زل لە چاڵەکەوە سەردەکەوێتە سەرێ، ئەوجا لە جیاتی سوپاسی کابراکە بکات، خۆی لێ دادەڕسێنێ پەلاماری بدات و بیخوا.

کابراکە بەترس و لەرزەوە پێی گوت:

+پادشای دارستان ئەوە پاداشتی ئەو چاکەیە کە من لەو چاڵەم ڕزگار کردی و دەمیدەیەوە؟!.

شێرەکە بە تووڕەییەوە گوتی:

★ئێوەی مرۆڤ هەمیشە لەبەردەم ژیانی ئێمە ڕێگر و شەڕانین، ژیانمان پێ ڕەوا نابینن، بۆیە باشترین پاداشت ئەوەیە لە کۆڵ دنیات بکەمەوە و بتخۆم.

کابراکە پێی گوت:

+ من وەکو بیزانم تۆ پادشای دارستانی و شێر بە دادپەروەر ناسراوە، جا بڕوا ناکەم بێ پرس و ڕا بڕیارێکی ئاوا قورس بدەیت.

شێرەکە بەو قسەیە خاو بۆوە، تووڕەییەکەی نیشتەوە، گوتی:

★دەباشە دوای ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوە، بڕیاری خۆم دەدەم، فەرموو تۆ کێت پێ باشە، بۆ بڕیاردان دەچینە لای.

کابراکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

+پێم باشە بچینە لای گورگ، وابزانم گورگ درۆ بۆ کەس ناکا و هەق چۆنە ئەوهای باس دەکات.

شێرەکە بە متمانەیەکی زۆرەوە گوتی:

★گورگ.. گورگ.. فەرموو پێشمکەوە بچینە لای گورگ.

کاتێك چوونە لای مام گورگ و مەسەلەکەیان لە نووکەوە بۆی گێڕایەوە و وتیان: لەم بارەوە ڕای تۆ چییە؟!.

مام گورگ لە ترسی شێر، بێ بیرکردنەوە و بێ سێ و دوو، گوتی:

_ئەوەی پادشای دارستان بیڵێ، هەر ئەوە تەواوە و پادشای دارستان قەت لە هیچ و خۆڕایی بڕیارێك نادات، بڕیارەکە هەڵەبێ، بۆیە وەکو خۆم پشتگیری لە بڕیارەکەی پادشای دارستان، شێری مەزن دەکەم.

شێرەکە بەو قسانەی مام گورگ خۆشحاڵ بوو، کە ڕووی بەلای کابراکە وەرگێڕا، بە پێکەنینەوە گوتی:

★هاااااا، ئێستا دەڵێی چی؟!

کابراکە بە قسەکانی مام گورگ زۆر نارەحەت بوو، گوتی:

+قوربـان لـەو قسـانەی مـام گـورگ بـەگومانم، ئەگـەر لـێم قەبوولْکـەی حـەز دەکـەم سەردانییەکی مام ورچ بکەین، مام ورچ چونکە لە هـەردووکمان گـەورەترە، قەناعـەتم وایە ڕاستیەکە چییە؟ ئەوە دەڵێت و لەسەری بدەیت درۆ بۆ بابی ناکا.
شێرەکە ڕەزامەندی بۆ ئەو داوایەشی نیشاندا و گوتی:
٭مام ورچ، مام ورچ.. فەرموو بابچینە لای مام ورچ.
کاتێك چوونە لای مام ورچ و ڕووداوەکـەیان بـۆی باسـکرد، مـام ورچ ئـەویش لەترسـی شێر گوتی:
=بە قەناعەتی من مرۆڤ هەر مرۆڤە و من وەکو خۆم هیچ جیاوازییەك لـە نێوانیانـدا نابینـم، هەموویان یەك دەستە و یەك تـاقمن، چـیان بەرامبـەر بکـرێ هێشـتا کەمـە و وەکـو خـۆم لەگـەڵ ئـەوەدام تـاوەکو ببنـە پەنـد و ئامۆژگـاری، شـێری مـەزن پارچـە پارچەت بکات و بتکوژێ.
کابراکە هێندەی دیکە ترسی لێ نیشت، دووبارە ڕووی بەلای شێری دارسـتان سـووڕاند و به قەهرەوە گوتی:
+مـن لـەوەدا شـتێك دەبیـنم، چ مـام گـورگ، چ مـام ورچ هـەردووکیان لـە ترسـان ئـەو بڕیارەیان داوە.
شێرەکە دایە قاقای پێکەنین و گوتی:
٭دوا جار یەکێکی دیکە هەڵبژێرە و هەر بڕیارێك ئـەو بیـدات، ئـەوجارەیان پەشـیمان بوونەوەی تێدا نییە، دەی، بڵێ: بزانم بچینە لای کێ؟!.
کابراکـە نـەختێك دامـا، کەوتـە بیرکردنـەوە، نـەیزانی بڕیارەکـە بباتـە لای کـێ، بـە نابەدڵیەوە گوتی:
+با بچینە لای کەروێشك، کەروێشك بە زیرەکی ناسراوە و ئەگـەر خـۆی بـەبێ لایـەنی نیشان بدات، دەزانێ چۆن بڕیار لەو مەسەلەیە بدات.
شێرەکە گوتی:
٭کەروێشك، کەروێشك.. فەرموو پێشمکەوە بچینە لای کەروێشك.

پێکەوە چوونە لای کەروێشك و مەسەلەکەیان بۆی باس کرد، کەروێشکەکە دەستی نا بە چەناگەیەوە، کەوتە بیرکردنەوە چۆن ئەو کێشەیان بۆ چارەسەر بکات، کت و پڕ وەك بیرۆکەیەکی بەخەیاڵدا هاتبێ، بە هەڵپەیەکەوە گوتی:

ئەگەر ئێوە بە ناوبژیوانی من قایلن، فەرموو پێشمکەون و بمبەنە شوێنی ڕووداوەکە و لە سەرەوە ئیشەکەتان لە پێش چاو دووبارە بکەنەوە تا بە دادپەروەرانە بڕیاری خۆمی لەبارەوە بدەم.

شێرەکە و کابراکە هەردووکیان ڕازیبوون و چوونە ئەو شوێنەی تێیدا شێر و کابراکە یەکیان ناسی.. دارەکەیان بە فیلێك لەناو چاڵەکە دەرکرد و کەروێشکەکە بە شێرەکەی گوت:

فەرموو تۆش چۆن کەوتیە ناو چاڵەکە، ئەو شتەم بە کردەوە بۆ ئەنجام بدە.

شێرەکە بازێکی هەڵدا و چووەوە ناو چاڵەکە.. کەروێشکەکە بە فیلەکەی گوت:

**تۆش ئەگەر زەحمەت نەبێ، یارمەتی ئەو کابرایە بدە و دارەکەی لەو چاڵەدە لەگەڵدا دەرکە.. دارەکەیان دەرکرد، کەروێشکەکە بەو دیمەنە زەردەخەنەیەك گرتی و ڕووی کردە کابراکە و گوتی:

**تۆ لەم چیرۆکەدا پەند وەربگرە و بۆ جارێکی دی ئەگەر ویستت چاکە لەگەڵ کەسێکدا بکەیت، بزانە ئەو کەسە بایی چەندە و ئایا هی ئەوەیە چاکەی لەگەڵدا بکەیت یان نا ؟! بڕۆ خوات لەگەڵ.

کابراکە ڕۆیشت و شێرەکە ناوچەوانی تێکنا و بە تووڕەییەوە بەسەر کەروێشکەکەی نەڕاند و گوتی:

*کەروێشکەفەندی ئەوە بڕیاربوو دات؟! مەگەر لەو چاڵە قوتارم نەبێ، وە ئەگینە یەك ڕۆژم مابێ لەژیان، ئەو دڕکەت لەبن پێ دەدەکەم و چارەت دەکەم .

هەرچەندە خۆی هێنا و برد، نەیتوانی هیچ بکات.

کەوێشکەکە گوتی:

هەڕەشەکانت لەو شوێنە ، وەکو بڵقی سەر ئاو بێ سوودە ، ئەوە من ڕۆیشتم، ئەوەی ئێستا تۆی تێدای، ئەنجامی مەغروری و لەخۆبایی بوونە، بیر لە قسەکانم بکەوە،

یەکێك چاکەی لەگەڵ کردی، سوپاسی بکە و چاکەی بدەوە. ئەوە منیش ڕۆیشتم، بای بای.

کەروێشکەکە ڕۆیشت و شێرەکە چەند هاواری کرد:

⋆بگە بە فریام، چارەم بکە.

کەروێشکەکە نە هەست و سۆزی بەرامبەری جووڵا و نە گەڕایەوە تاوەکو یارمەتی بدات.



# هەڵەکردن لەکاتی یاریدا





له ژماره(127)ی شوباتی ساڵی 2007ی گۆڤاری( هەنگ) بلاّو بۆتەوه.

**تووتکه سەگێك و بێچووه ڕێوییەك وەکو دوو هاوڕێ هەموو کاتێك پێکەوه یارییان دەکرد، بەڵام زۆر جاریش کێشه له نێوانیاندا ڕووی دەدا بە هۆی ئەوەی کە هەر یەکەیان کۆمەڵێك یاریی دەستکردیان هەبوو، زۆر جار کە یارییەکانیان دەهێنایە دەرەوه تا یاریی پێبکەن، ڕێویەکە یارییەکانی له تووتکه سەگەکە ڕادەپسکاند، بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ تووتکه سەگەکە بکات.**

**تووتکه سەگەکە بەم کاره دڵتەنگ دەبوو، زوو زوو ئامۆژگاریی هاوڕێکەی دەکرد ئەگەر شتێکی ویستبا، پێی بڵێت نەك لەدەستی بڕفێنێ و ڕابکات! بەڵام ئامۆژگارییەکانی بێ سوود بوون، تاکو ڕۆژێکیان ڕێوییەکه یارییەکان له تووتکه سەگەکه دەڕفێنێ و ڕادەکات، تووتکه سەگەکەش ڕقی هەڵدەستێت و دەکەوێته دوای تا لێی بسێنێتەوه، ر ێوییەکه چونکه زۆر بە  خێرایی ڕایدەکرد و زوو زوو ئاوڕی لێ دەدایەوه، بێ ئاگا بوو له پێش خۆیی و ڕێك له بەرزاییەکەوه دەکەوێته خوارێ و**

لاقی ڕاستەی دەشکێ. بەمە ڕێوییەکە هەستی بە پەشیمانی کرد و داوای لێبووردنی لە تووتکە سەگەکە کرد، بەڵێنیشی پێدا جارێکی دی کاری وا دووبارە نەکاتەوە.

## داوای لێبوورن دەکەم



لە ژمارە(136)ی شوباتی ساڵی 2007ی گۆڤاری( هەنگ) بڵاو بۆتەوە.

ڕۆژێکیان فیلێك لەنێو دارستاندا زۆر برسی دەبێت و نازانێ بۆ کوێ بڕوات، لە ڕقان بە توندی بە دارێك دەکەوێت کە ماڵی سمۆرەی لێبوو.

سمۆرەکە بەتووڕەییەوە دێتە دەرێ و بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات:

+فیلۆ.. ئەوە بەم زلییەوە بۆ وا دەکەیت، دەڵێی چاوت ئەم دارە گەورەیە نابینێ؟!.

فیلەکە بە کزییەوە دەڵێ:

_داوای لێبووردنت لێ دەکەم سمۆرە گیان، بەدەست خۆم نەبوو، زۆرم برسییە و بەرپێی خۆم نابینم.
سمۆرەکە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ:
+نە لێت قبووڵ دەکەم و نە لێت دەبوورم.
فیلەکە سێ چوار جاری دیکە بە نەرمونیانییەوە داوای لێبووردنی لێدەکات، بەڵام سمۆرەکە لێی نابووڕێ، تاکو مام ورچیان لێ پەیدا دەبێت و کە بەم کارە دەزانێت، ڕوو دەکاتە سمۆرەکە و پێی دەڵێت:
⋆ سمۆرە گیان، پێم خۆشە لێی ببووریت، ئەگینا ئەو کارەی ئەم دەکەوێتە ئەستۆی تۆ.
ئەم قسانەی مام ورچیش کاری تێ ناکات، تا ڕۆژێکیان سمۆرەکە بە تەڵەوە دەبێت و فیلەکە ڕزگاری دەکات.
سمۆرەکە هەست بە شەرمەزارییەکی زۆر دەکات، کە فیلەکە لەبەری پاڕایەوە و داوای لێبووردنی لێکرد، کەچی لێی نەبووریبوو، بەم ڕووداوە سمۆرەکە لە هەڵسوکەوتەکانی پێشووی پەشیمان بووەوە و پەیمانی دا لەمەو دوا داوای لێبووردنی هەموو کەسێك قبووڵ بکات.

# ڕێویەکی ئاژاوەچی

لە نێو دارستانێکدا گیانلەبەرەکان بەیەکەوە بە خۆشی و بەختەوەری دەژیان، هاوکاری یەکتریان دەکرد، جگە لە ڕێوی فێڵباز خۆی لە هەموو گیانلەبەرەکانی تر بە دوور دەگرت و چاوی بەو خۆشیە هەڵنەدەهات کە لە نێو گیانلەبەرەکاندا هەبوو، سەرەڕای ئەوەی قسەی لەگەڵ کەسیان نەدەکرد و هاوڕێیەتی کەسی قەبووڵ نەبوو.
ڕۆژێکیان بیری کردەوە و ئەوەی بە مێشك داهات بچێتە لای شێری پادشای دارستان بۆتێکدانی هاوڕێیەتی ئەو گیانلەبەرانە و پێی بڵێ: (گەورەم هەواڵێکی زۆر خێرا و بە پەلەم لەلایە، هاتووم پێت بڵێم کە هەموو گیانلەبەرانی ئەم دارستانە ڕێك

کەوتوون، پیلانیان دارِشتووە لە دەرفەتێکدا پەلامارت بدەن و بتکوژن، چونکە تۆ بە دوژمنی خۆیان دەزانن هەر بۆیەش هاتووم پێم باشە ئاگات لەخۆتبێ و بە فەرمانێك بانگی هەموویان بکەی و پێیان بڵێی: من ئاگادارم ئێوە چی دەکەن و چیتان لەبن سەرە، لەمەودوا هەر دوو دوو، سێ سێ کەس لە ئێوە ببینم بەیەکەوە بوەستن، بە توندترین شێوە سزاتان دەدەم، ئەوەش بەسە تاوەکو ئەوان کەسیان نەوێرن بیر لەکوشتنی تۆ بکەنەوە).
ڕێوی فێڵباز بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە لای پادشای دارستان و هەموو ئەو قسانەی بۆکرد.
شێرەکە هەر بەرِێویدا ڕایگەیاند کە هەرچی گیانلەبەرێك هەیە لەو ناوچەیە هەموویانی بۆ خرِبکاتەوە..ئەویش بەخۆشحاڵیەوە هەموویانی کۆکردەوە..شێرەکە لەسەر گردێکی بەرز وەستاو بەدەم نەرِاندنەوە ڕووی تێکردن و وتی: (من پادشای دارستانم، هەر کەسێ لەفەرمانم دەربچێ، سزای دەدەم، من ئاگادارم ئێوە چی دەکەن؟ چیتان لەبن سەرە لەمەودوا هەر دوو دوو، سێ سێ کەس یا زیاتر لەئێوە ببینم یان ببیستمەوە بەیەکەوە وەستابن، سزاتان دەدەم، دەی لەپێش چاوم ون بن).
هەموویان لەگەرِانەوە بۆ شوێنی خۆیان، گوتیان: (قەت پادشا ئەوها تورِە نەبووە، ئێمە فێرنین دوور لەیەکتری بژیین، بۆیە دەبێ بیربکەینەوە چۆن ئەو برِیارە بگۆرِین).
کەروێشکێکی زیرەك وتی: (من گوێم لەقسەکانی ڕێوی بوو، ڕێوی بوو ئەو تەگبیرەی بۆ شێرکرد، وە ئەگینا شێر ئاگای لەهیچ نیەو مام ڕێوی چاوی بە ئێمە هەڵنایەت وەکو ئەوەندە بەیەکەوە ڕێك و پێکین، بۆیە پێویستە کارێکی وابکەین، ڕێوی ڕازی بکەین بچێتە لای پادشاو لەو برِیارەی پاشگەزبکاتەوە).
سمۆرە وتی: (ئەوە تەگبیرێکی باشە). هەموویان بانگی ڕێویان کردو داوایان لێ ی کرد بچێتە لای شێرو لەو برِیارەی پاشگەزبکاتەوە، بەڵام ڕێوی ڕازی نەبوو، گوێی لێیان نەگرت و بۆ پێشەوە ڕایکرد تا کتوپرِ کەوتە چاڵێکەوە، چاڵەکە پرِی لە ئاو بوو،

زۆری هەوڵدا بەبێ یارمەتی ئەوان لێی دەرچێ، سوودی نەبوو، بەناچاری هاواری کرد: (بگەنە فریام خنکام، بگەنە فریام).

گیانلەبەرەکان بەگشتی بەپیردەنگیەوە چوون وبەهاوکاری یەکتر ڕێویەکەیان لە خنکانی نێو چاڵە ئاوەکە ڕزگارکرد.

کاتێ ڕێویەکە بەهۆش خۆی هاتەوە تەماشای هەموانی کردو وتی: (خۆمن ڕقم لە ئێوەیەو ئێوەش ئەو ڕاستیە باش دەزانن، باشە خێربوو یارمەتی منتان دا؟!).

وتیان: (ببورە، ئێمە ڕقمان لەکەس نابێتەوە، هەر کەسێکیش لەگەڵمان خراپبێ، ئێمە لەگەڵی باش دەبین).

ڕێویەکە هەستی بە پەشیمانیەکی زۆر کردو وتی: (مادام ئێوە منتان لە مردن ڕزگار کرد، ئەوە منیش دەچمە لای پادشاو پێی دەڵێم لە بڕیارەکەی پەشیمان بێتەوە).

پێی هەڵێنا، ڕێو ڕێ گەڕایەوە، چووە لای پادشای دارستان و پێی وت: (گەورەم ئەگەر لەو بڕیارەت پەشیمان ببیەوەو لێیان خۆشبی زۆر مەمنوون دەبم، من قسەم لەگەڵ کردوون، بەڵێنیان داوە هەر تۆ سەردارو پادشایانبی و واز لەهەموو پیلانێك بێنن و منیش بە نوێنەرایەتی ئەوان هاتووم ئەو پەیامەت پێ بگەیەنم).

شێرەکە کەمێك داما، ئەوجا سەری هەڵبڕی و ڕووی کردە ڕێویەکەو وتی: (ئێستا تۆ دڵنیای ئەوان بەڕاستی وازیان لەو پیلانگێڕییە هێناوە؟!).


ڕێویەکە بەدەم قاقای پێکەنینەوە وتی: (تۆ بەس لەو بڕیارەت پەشیمان ببەوە، ئەگەر لەمەو دوا هەر شتێکت لێیان زانی، بانگی من بکەو تەنها من بناسە).


شێرەکە سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاندو وتی: (دەبڕۆ بانگەواز بکەو پێیان ڕابگەیەنە کە شێر خاوەنی بەزەییەو لەو بڕیارەی دای، پاشگەزبۆوە).

ڕێویەکە ستایشی شێری کردو هەر بەڕاکردن گەڕایەوە لای گیانلەبەران و پێی وتن: (مژدە مژدە، هەواڵێکی خۆش..قەناعەتم بەشێر کرد، شێر بەقسەی کردم و لە بڕیارەکەی پەشیمان بۆوە، لەمەودوا منیش خۆم لێتان بەدوور ناگرم، وەکو ئێوە دەستی هاوکاریتان بۆ درێژدەکەم و لەخۆشی وناخۆشیەکانی ژیاندا لەگەڵتانا بەشداردەبم).

هەموویان بە خۆشحاڵییەوە چوونەوە شوێنی خۆیان و لەو ڕۆژەوە هەموویان پێکەوە دەژێن و بەیەکەوە هاوکاری یەکتر دەکەن.

★ ★ ★





نووسەر